

# سەرۆکێک دەنگی گەلەکەی بکاتە مەرجەعی خۆی دەتوانێت بڕیاری قورس و یەکلاییکەرەوە بدات



«نەتەوەکان بە دوو شێواز بوون بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یەکەمیان: نەتەوەکان خەباتیان کردووە بە شەڕ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروست کردووە، دووەمیان: ئەو نەتەوانەن دوای کۆتاییهاتنی سەردەمی ئیمپریالیزم لە چوارچێوەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بوونە دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام بوونی سەنگافورا بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نە شێوازی یەکەم بوو، نە شێوازی دووەم، بەڵکو ئێمە دەوڵەتمان بە سەردا فەرزکرا. پەرلەمانی مالیزیا لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە ئەو بڕوایەی هەبوو کە ژن ئەو مافەی نییە داوای تەڵاق بکات و ئەو مافە تەنیا مافی پیاوە، بۆیە لە سەر ئەو بنەمایە سەنگافورایان تەڵاق دا و کە سێ جار لە سەر یەکێکیش لەناو پەرلەمانی مالیزیا ئەو بەیانە خوێندرایەوە، ئەمە مانای ئەوە بوو کە سێ بە سێ تەڵاقیان داوین و جارێکی دیکە ئەو تەڵاقە چاک ناکرێتەوە، بۆیە لەم بارودۆخەدا کاتێک لە ساڵی ١٩٦٥ سەربەخۆیی سەنگافورام راگەیاند، هێرشێکی زۆر توند لە میدیای جیهانی و ناوخۆییەکانەوە دەکرایە سەرم. من هێرشی میدیاکانی جیهانم زۆر پێ ناخۆش نەبوو، بەڵکو ئەوەی زۆر ئازاری دام، ئەو هێرشە بوو کە لە لایەن میدیای ناوخۆیی خۆمانەوە دەکرایە سەرم، ئەوەی لە سەرەتای راگەیاندنی سەربەخۆیی بیرمان لێنەکردبووە، ئەوە بوو کە قەت مەزندەمان نەدەکرد سنگافورا لە دوای ٣٠ ساڵ لە دەوڵەتێکی پاشکەوتووی جیهانی سێیەمەوە، بێتە ریزی دەوڵەتێکی پێشکەوتووی جیهانی یەکەم.»

**لی کوان یو**
**سەرۆکی کۆچکردووی سەنگافورا**

**ئەوانەی ئێستا بوونەتە کڵاوسووری دژایەتیکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان و بیانووی جۆراوجۆر دروست دەکەن، بەوەی ناتوانین ئەم بڕیارە بدەین، ئەوا کاتێک سەرۆک ئەو بڕیارە دەدات، دەبینین حزبایەتی چۆن کاڵ دەبێتەوە و ئەوەشی گرەو لەسەر ئەوە دەکات کە بە نەفەسی حزبی دژایەتی ئەم پرۆسە پیرۆزە بکات، جارێکی دیکە خۆی دەبینێتەوە چۆن پەراوێز دەکەوێت و دەکەوێتە سووچێکی خراپی مێژووی نەتەوەوە**

### ● مۆدێلی سێهەمی دەوڵەتی نەتەوەیی فەرزکردنی سەربەخۆیی

ئەگەر حکومەتی ناوەندی بەغدا بە هەمان شێوازی مالیزیا کە سێ بە سێ سەنگافورای تەڵاق دا، ئەویش بە هەمان شێوە سێ بەسێ کوردستانی تەڵاق دابێت، ئیدی ئاستەنگ دروستکردن و هۆنینەوەی بڕ و بیانووی جیاواز وەك ئەوەی ئێستا هەندێك حزبی سیاسی لە کوردستان بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆیان بازارگەرمی پێوەدەکەن دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی چ مانایەکی هەیە؟

حکومەتی ناوەندی عێراق لە کابینەی دووەمی نوری مالیکیدا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بە بڕینی بودجە و مووچەی هەرێم، جارێك کوردستانی تەڵاقدا، لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ بە میانگیری ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان، جارێکی دیکە کوردستان برایەوە بۆ بەغدا، بەڵام پەرلەمانی عێراق لەگەڵ دەستپێکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بۆ متمانەدان بە کابینەکەی عەبادی، تەنیا یەك کاتژمێر چاوەڕوانی کوردیان نەکرد و بۆ جاری دووەمیش کوردستانیان تەڵاق دا، لە ماوەی چەند مانگی یەکەمی کارکردنی کابینەکەی عەبادیدا، لەگەڵ ئەوەی کوردستان نەوتەکەشی لە رێگەی سۆمۆوە نارده دەرەوە بۆ فرۆشتن، بەڵام حەیدەر عەبادی ئامادە نەبوو پشکی هەرێمی کوردستان بەپێی رێککەوتنی نێوان کوردستان و بەغدا، بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە بۆ جاری سێیەمیش بەغدا کوردستانی تەڵاق دا، کەواتە ئەگەر مالیزیا تەڵاقی بە



سەر نەتەوەیەکی غەیرە ئیسلامدا فەرزکردبێت، سەنگافورا لە سەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی تەڵاقەکەی قبووڵ کردبێت، ئەوا لە نێوان بەغدا و هەولێردا جیاوازی ئایینیش نییە و هەردوو بڕوایان بە شەریعەتی ئیسلامی هەیە، دەزانن تەڵاقی سێ بە سێ بواری چاککردنەوەی نامێنێت و دەبێت هەردوولایان ئەو ئەمری واقیعە قبووڵ بکەن و بڕیاری خۆیان بدەن. تەنانەت پەروەردگاریش کە تەڵاقدانی بە خراپترین حەڵاڵ ناوبردووە، کە گەیشتە حاڵەتی ئەوەی چیدیکە ناتوانن پێکەوە بژین، لێکجیابوونەوەی حەڵاڵ کردووە.

ئەو وێکچوونەی لی کوان یوو لە نێوان فەرزکردنی تەڵاق لەلایەن پیاوەوە دژ بە ژنەکەی لەگەڵ فەرزکردنی جیابوونەوە لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە دژی نەتەوەی ژێردەست دروستی کردووە، ماناو مەغزا و دەلالەتی زۆری تێدایە و ئاماژەکردنە بەوەی هەتا ئەگەر لایەك بیەوێت جیاش نەبێتەوە، ئەوا پەروەردگار ئەو پێکەوەژیانە بە حەرام دەزانێت، لی کوان یو ئەم وێکچوونەی لەسەر ئەو بنەمایە دروستکردووە، پێش ئەوەی سەنگافورا لەلایەن مالیزیاوە تەڵاق بدرێت، هەر لە ساڵی ١٩٦٥ ریفراندۆمێك لە سەنگافورا ئەنجامدرابوو بەوەی ئایا سەربەخۆ دەبن، یان لەگەڵ مالیزیا دەمێننەوە؟ گەلی سەنگافورا بە رێژەی زیاتر لە ٦٠٪ دەنگیان بۆ ئەوە دابوو لەگەڵ مالیزیا دەمێننەوە، بەڵام دەوڵەتی مالیزیا ئەو مافەی گەلی سەنگافورای وەك نەتەوەی ژێردەست بە مافی ژنی لە قەڵەم دا و مافی نەتەوەی سەردەستی وەك مافی پیاو لە قەڵەم

**ئەوانەی گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، (میلیشیای پارتی و یەکێتی)-ین و سوپایەکی نیشتمانی نین، بەڵام کە کوردستان کەوتە بەر مەترسی تیرۆریستانی داعش، بینیمان چۆن کوردستان جێگەی (پارتی و یەکێتی) گرتەوە و حزبایەتی بە ئاستێک لەناو هێزی پێشمەرگە کاڵ بووەوە، وەک ئەوەیە بوونی نەبێت، هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەوری ئەو سەرۆکە کۆبوونەوە کە بڕیاری شەری مان و نەمانی دا**

**دوای ئەوەی سەرۆک بارزانی لە رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی دا، ئەوا لە ١١ی ئابی ٢٠١٤ سەرۆک ئۆباما توانی بڕیاری ئەوە بدات لە ئاسمانەوە شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات، تۆماس فریدمان گوتەنی: سەرۆک ئۆباما نیوەی سەری سپی بوو، ئینجا توانی بڕیاری ئەوە بدات لە ئاسمانەوە شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات**

**لە ناو مێژووی سەرکردەکانی جیهاندا، چەمکی کاریزمابوون بۆ زۆر لەو سەرکردانە بەکار هاتووە کە خەڵک شوێنیان کەوتوون، بەڵام کاریزمابوونی راستەقینە ئەوەیە کە خەڵک بە خواستی خوی و ئارەزوومەندانە ئەو کاریزمابوونە لە ناخیدا رەنگ بداتەوە و هەست بکات کاتێک شوێن سەرۆکی کاریزمای نەتەوە دەکەوێت، شوێن ئیرادەی خۆی کەوتووە**

**چۆن گەوهەر ئەگەر لەناو قوڕدا بێت، هیچ لە بەهاکەی کەم نابێتەوە، هەروەها ئەگەر لە ئاوریشمێکیش بپێچرێت و بخرێتە ناو بە بەهاترین سندوقەوە، هیچ لە بەهای گەوهەرەکە زیاد ناکات، بە هەمان شێوە ئیرادەی خێریش نە پێویستی بە پێداهەڵدانە و نە بە قسەی سووک و ناشیرینیش هیچی لێ کەم دەبێتەوە**

دا و رایگەیاند، ژن ئەو مافەی نییە داوای تەڵاق بکات و جیاببێتەوە، بەڵکو ئەوە مافی پیاوە کە دەبێت سێ بە سێ ژنەکەی تەڵاق بدات و لێی جیاببێتەوە، ئەوجا لەم روانگەیەوە کە ژن جیابوونەوەی بە سەردا فەرزدەکرێت و ناچارە قبووڵی بکات، لێ کوان یو حاڵەتی راگەیاندنی سەربەخۆیی سنگافورا وەك ئەو حاڵەتەی تەڵاقدانی ژن دەچووێنێت.

پرسیاری گرنگ کە رووبەڕووی ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستان دەبێتەوە، کە لە ئێستادا بڕ و بیانووی جیاواز بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی دروست دەکەن، ئەوەیە هەتا ئەگەر ریفراندۆممان ئەنجام دا و ئەو حزبانەی ئێستا لە روانگەی حزبایەتییەوە بە ئاشکرا دژایەتی ئەم پرۆسەیە دەکەن و لە ناو پرۆسەی ریفراندۆمیشدا هەموو هێزی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی زیاتر لە نیوەی خەڵکی کوردستان بڵێن، ئێمە مانەوەمان لەگەڵ عێراق پێ باشترە لە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئایا بەغدا رازی دەبێت لە چوارچێوەی ئەو مافانەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستانی داوە، کورد وەك بەشێك لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە؟ دەبێت ئەو حزبانەی کە ئێستا بە هەموو شێوەیەکی ناڕەوا و ناشیرین لە پرۆسەی سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ریفراندۆمدا دژایەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

## ● بارزانی کەی بڕیاری دا دەبێت گەلی کوردستان بڕیاری چارەنووس بدات

با لەوە گەڕێین کە خەباتی سەرۆك بارزانی درێژەپێدەری خەباتی بارزانی نەمر و هەموو سەرکردەکانی دیکەی کوردستانە تا دەگاتەوە شێخ عوبیدوڵای نەهری، ئامانجی ئەم خەباتەش هەر لە سەرەتاوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە و بەپێی هەلومەرجی قۆناخە سیاسییە جیاوازەکان مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

ئامانجی سەرەکی و کۆتایی سەرۆك بارزانی هەر دەوڵەتی کوردستان بووە، بەڵام سەرۆك بارزانی وەك سەرکردەکانی پێش خۆی بەپێی هەلومەرجی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکی هەنگاوی بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە هەڵگرتووە، لە نووسینەوەی دەستووری عێراقیش لە ساڵی ٢٠٠٥ بە هەوڵ و خەباتێکی زۆر ئەو بڕگەیە لە دەستووری عێراقدا چەسپێنرا کە مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بەندە بە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەوە، کەواتە دەستووری عێراق وەك هەر وڵاتێکی فرەنەتەوە، ئەو گرێبەستەیە کە چوارچێوەیەك بۆ پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتە دروست دەکات، کە ئەم گرێبەستە لەلایەن ناوەندەوە پێشێل کرا و نەتەوەی دووەم قبووڵی کرد، ئەمە مانای ئەوەیە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە دەبێتە پێکەوەژیانی زۆرەملێیی و کۆیلایەتی بۆ دەسەڵاتی ناوەند.

ئاشکرایە پێکهێنانی کابینەی دووەمی نوری مالیکی دوای هەشت مانگ تێپەڕبوون بە سەر راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا لە نۆڤەمبەری ٢٠١٠، بەرەنجامی رێککەوتنی هەولێر بوو کە بە سەرۆکایەتی سەرۆك مسعود بارزانی ئەو رێککەوتنە لە هەولێر ئیمزا کرا، هەروەها لەو رێککەوتنە بڕیار درابوو کە جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە کە لە ١٩ بەند پێکهاتبوو، بە چاودێری سەرۆك بارزانی بێت، بەڵام لە ماوەی تەواوی ساڵی ٢٠١١ یەك ماددەش لە رێککەوتنی هەولێر جێبەجێ نەکرا، لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە کۆتایی ٢٠١١ لە عێراق، ئیدی نوری مالیکی لە سەرەتای ٢٠١٢وە تاکڕەوی خۆی راگەیاند و هەنگاوی بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵگرت، بۆیە لە نەورۆزی ٢٠١٢ سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند ئەگەر مالیکی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت بەرێت و رێککەوتنەکە جێبەجێ نەکات، ئەوا کوردستان نابێتە پاشکۆی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و دەگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان و هەر بڕیارێك گەلەکەمان بیدات، ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکەین. هەر لە ٢٠١٢ کاتێك سەردانی ئەمریکای کرد، ئەم باسەی لەگەڵ ئیدارەی کۆشکی سپی باس کرد و پێی راگەیاندن، ئەگەر عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فاشیل و دیکتاتۆری ئەوا کوردستان نابێتە بەشێك لەو دەوڵەتە.

ئەوجا ئەگەر لە دوای پەیامەکەی نەورۆزی ٢٠١٢ی سەرۆك بارزانی-یەوە سەیری رەفتاری

حکومەتی مالیکی و دوای ئەویش حەیدەر عەبادی بکەین، ئەوا راشکاوانە هەست بەو راستییە دەکەین کە ئەوە بەغدایە خۆی لە هەرێم دووردەخاتەوە و دەیەوێت وەك کۆیلە و ژێردەست سەیری بکات، نەك بەغدا هەموو پابەندبوونە دەستووریەکانی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان جێبەجێ کردبێت و کوردستان بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق نارازی بێت.

لێرەوە قسەکردن لەسەر ئەوەی کاتی ئەوە نییە ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، یان هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵبگیرێت، بێجگە لە دروستکردنی نائومێدی لای خەڵکی کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتێکی بەلاش بە حزبی دەعوای عێراق و ئەو دەوڵەتانەی کە دژی سەربەخۆیی کوردستانن شتێکی دیکە نییە.

**● هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێت ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکات**

ئەگەر هاووڵاتیانی کوردستان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا لە سەر ئاستی ئایدیۆلۆژیەتی جیاوازی حزبە سیاسییەکان دابەش بووبن، ئەوا لە ئاستی بڕیاردان لە سەر پرسی مافی چارەنووس و پرۆسەی سەربەخۆیی هەموویان یەکدەنگن و هەروەها کە مەسەلەکە هاتە سەر ئەوەی بڕیار بۆ ریفراندۆم بدرێت، ئەوا خەڵکی کوردستان قبووڵ ناکەن، کێشە و ململانێی حزبییانە تێکەڵی پرسە نیشتمانییەکان بکرێت، هەروەك چۆن لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ هێزی پێشمەرگەی کوردستان قبووڵی نەکرد، کێشەی پێشمەرگە تیکەڵاوی کێشە و ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکان بکرێت.

هەر بۆیە بڕیاری ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ بە دانانی سنوورێك بۆ ئاژاوە و گێرەشێوێنی و پاراستنی سەقامگیری کوردستان لەگەڵ ئەوەی بژاردەیەکی باشیش نەبوو، بەڵام خەڵکی کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی و تەنانەت بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکانیش بە وانەی بەشداری حکومەتیش بوون، بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوەیان خستەڕوو کە یاریکردنی حزب بە شکۆی دەوڵەت و ئاسایش و سەقامگیری کوردستان سنووری خۆی هەیە.

لە چەند رۆژی رابردوو بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی لەسەر پرسی ریفراندۆم و قسەکردن لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەغدا کۆببنەوە، پێدەچێت هەندێك لایەنی سیاسی هەتا ئێستاش باش لەم پرسە تێنەگەیشتبن، بۆیە دەیانەوێت ئەم پرسی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆییە بە کێشە لاوەکی و ناخۆییەکانەوە گرێبدەن، وەك ئەوەی بە خەڵکی کوردستان بڵێن: ئێمە دەتوانین ئەو پرۆسەی سەربەخۆییە پەك بخەین کە ئێستا سەرۆك بارزانی رێبەرایەتی دەکات، یان دەیانەوێت هەڵوێستی خۆیان بەو جۆرە بخەنەڕوو، کە گوایە دەتوانن ئەم پرۆسەیە پەکبخەن، بەڵام ناتوانن پەکی بخەن و هەروەها ناشتوانن ئەم پرۆسەیە خاوبکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەشێك لە حزبە سیاسییەکان لەو روانگەوەیە دژایەتی ئەم پرۆسەیە بکەن، بەوەی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەم پرۆسەیەدا دەستپێشخەربوون و نایانەوێت ئەم شانازییەی مێژووی نەتەوە بە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بدرێت، ئەوا گەلی کوردستان بە بەشی زۆری هەوادارانی ئەو حزبانەشەوە، ئەم پرۆسەیە لەوە گەورەتر سەیردەکەن کە پرۆژەی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بێت، بەڵکو هەموو گەلی کوردستان بە پرۆژەی خۆی دەزانێت، هەر لایەنێکی سیاسیش بیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکەوە ئەو لایەنە گۆشەگیر دەبێت و لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا تڕۆ دەکرێت.

ئەمە جاری یەکەم نییە لە مێژووی نەتەوەکاندا، سیاسییە لۆکاڵەکان لە دژی کاریزمای سەرۆکی نەتەوە هەنگاو بە ئاراستەی دژی خواستی نەتەوە هەڵبگرن، ئەمە قەدەری زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهان بووە، کە لە قۆناخی سەربەخۆی و شۆرش لە پێناوی ئازادیدا، کەسێکیان لێ قووت دەبێتەوە کە لە هەناوی رق و کینەی خۆیەوە دژی بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی هەنگاو هەڵبگرێت، هەر بۆ نموونە کاتێك مەهاتما گاندی شێوازی ئاشتی هەڵبژاردبوو لە پرۆسەی سەربەخۆیی هیندستاندا، ئەوا سبهاس چاندرا کە چاوی بە شکۆ و کاریزمای گاندی هەڵنەدەهات، هەستا هاوپەیمانی لەگەڵ هیتلەر

**لە ئێستادا کە سەرۆک مسعود بارزانی سەرکردایەتی گەورەترین بەرەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکات و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کوردستان ببێتە سیمبولی ئازادی لە سەرانسەری جیهاندا و هاوسۆزییەکی گەورەیان دروستکردووە و زەمینەیەکی لەبار بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی هاتۆتەئاراوە، ئەوا وەک دەبینین بە هەمان شێوەی سەرۆکە کاریزماکانی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، هەندی سیاسیی لۆکاڵی لێ قوت بوونەتەوە و دەیانەوێت بەو شێوەیە نمایشی ماسوولکەی هێزی خۆیان بکەن، بەوەی دەتوانن ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکەن**

**هەروەک چۆن سەرۆک بارزانی کاتێک بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش دا، ئێمە هەموومان سەرۆکمان لە ناو بەرەی پێشەوەی شەڕ هاوشانی پێشمەرگە بینی، نەک مۆڵەتی بڕیاری راگەیاندنی شەڕی مان و نەمان لەو سیاسییە لۆکاڵانە وەربگرێت. لە ئێستاشدا بڕیاری پرۆسەی سەربەخۆیی هەمان بڕیاری شەڕی مان و نەمانە بۆ چارەنووسی کوردستان و سەرۆک دڵنیایە کە گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە لەسەر ئەم بڕیارە بۆ سەربەخۆیی یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دەبێت**

**لە چەند رۆژی رابردوو بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی لەسەر پرسی ریفراندۆم و قسەکردن لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەغدا کۆببنەوە، پێدەچێت هەندێک لایەنی سیاسی هەتا ئێستاش باش لەم پرسە تێنەگەیشتبن، بۆیە دەیانەوێت ئەم پرسی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆییە بە کێشە لاوەکی و ناخۆییەکانەوە گرێبدەن**

**بڕیاری ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ بە دانانی سنوورێک بۆ ئاژاوە و گێرەشێوێنی و پاراستنی سەقامگیری کوردستان لەگەڵ ئەوەی بژاردەیەکی باشیش نەبوو، بەڵام خەڵکی کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی و تەنانەت بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکانیش بە وانەی بەشداری حکومەتیش بوون، بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوەیان خستەڕوو کە یاریکردنی حزب بە شکۆی دەوڵەت و ئاسایش و سەقامگیری کوردستان سنووری خۆی هەیە**

و نازی لە دژی گاندی گرێدا. ژەنەڕاڵ شارل دیگۆل کە دووجار فەرەنسای ئازاد کرد، جارێك لە دەستی نازی و جارێکی دیکەش لە دەستی ئاژاوەی کۆماری چوارەمی، چەپرەوێکی وەك دانیال کۆهینی لێ پەیدابوو کە زۆر دڕندانە سۆربۆن و شانزەلیزێی ئاگر تێبەردا و پاشانیش گەلی فەرەنسا وڵات بەدەریان کرد، یان لی کوان یوی سەرۆکی کۆچکردووی سەنگافورا کە سەربەخۆیی راگەیاند بە هەمان شێوە، هاوشێوەی ئەوانەی لێ پەیدابوو. یان فرانکلین رۆزفەلەت کە ئەویش دووجار ئەمریکای رزگارکرد، جارێك لە هەڵاوسانە ئابوورییە گەورەکەی سییەکانی سەدەی رابردوو، جارێکی دیکەش کە هاتە ناو شەڕی دووەمی جیهان و ئەمریکای وەك سۆپەرپاوەری بێ وێنە پیشانی جیهان دا، لەو کاتەی کە دەیویست بڕیاری چوونە ناو شەڕ بدات، ئەندامانی کۆنگرێس ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرد، بەڵام هەریەك لەم سەرۆکە کاریزمایانە لەبەر ئەوەی گەلەکانیان لە پشتیان بوون، بۆیە دژایەتی ئەو سیاسییە لۆکاڵانە بێجگە لە ئیزعاجکردنێکی کاتی، هیچی دیکەیان لێنەکەوتووتەوە. لە ئێستاشدا کە سەرۆك مسعود بارزانی سەرکردایەتی گەورەترین بەرەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکات و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کوردستان ببێتە سیمبولی ئازادی لە سەرانسەری جیهاندا و هاوسۆزییەکی گەورەیان دروستکردووە و زەمینەیەکی لەبار بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی هاتۆتەئاراوە، ئەوا وەك دەبینین بە هەمان شێوەی سەرۆکە کاریزماکانی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، هەندی سیاسیی لۆکاڵی لێ قوت بوونەتەوە و دەیانەوێت بەو شێوەیە نمایشی ماسوولکەی هێزی خۆیان بکەن، بەوەی دەتوانن ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکەن. ئەو جۆرە سیاسییە لۆکاڵانە کە لەسەر ئاستی بەشێکی وڵاتەکەی خۆشیان وەك پێویست ناسراو نین، دەیانەوێت بە موزایەداتی سیاسی و بازاڕگەرمی لە نێو دەزگاکانی راگەیاندن خۆیان وا پیشان بدەن کە هاوشانی سەرۆکی کاریزمای نەتەوەن، بەڵام ئەوەیان لەبیر خۆیان بردۆتەوە، کە کار گەیشتە ئەوە و پێویستی کرد سەرۆکی کاریزمای نەتەوە بڕیار بدات، ئەوە سەرۆك بە پشتبەستن بە گەلەکەی بڕیار دەدات، نەك بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو سیاسییە لۆکاڵانە بپرسێت: ئایا رازی دەبن، ئەو بڕیارە بدات یان نە. هەروەك چۆن سەرۆك بارزانی کاتێك بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش دا، ئێمە هەموومان سەرۆکمان لە ناو بەرەی پێشەوەی شەڕ هاوشانی پێشمەرگە بینی، نەك مۆڵەتی بڕیاری راگەیاندنی شەڕی مان و نەمان لەو سیاسییە لۆکاڵانە وەربگرێت. لە ئێستاشدا بڕیاری پرۆسەی سەربەخۆیی هەمان بڕیاری شەڕی مان و نەمانە بۆ چارەنووسی کوردستان و سەرۆك دڵنیایە کە گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە لەسەر ئەم بڕیارە بۆ سەربەخۆیی یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دەبێت و ناگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بزانن ئایا حزبەکانیان پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، یان نە، بەڵکو دوای ئیرادەی خۆیان دەکەون، ئەو ئیرادەیەی کە وەك پرشنگی خۆر لە سەربەخۆیی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە.

### ● سەربەخۆیی کوردستان ئیرادەی خێری لە پشتە بڕیاردانی چەند قورس بێت ئاسانە

ئیرادەی خێر ئەگەر لە روویەکەوە وەك چەمکێکی ئایینی سەیربکرێت، لە روویەکی دیکەوە چەمکێکی فەلسەفیشە. ئەمانوئێل کانت لە کتێبی (دامەزراندنی میتافیزیکیای ئەخلاق) دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنیا شتێك لەم جیهاندا بتوانرێت بە رەهایی بژمێردرێت، تەنیا ئیرادەی خێرە، ئەم ئیرادەیە کاتێك بەرهەم دێت کە هەنگاوەکان بێجگە لە خێری گشتیی نەتەوە، هیچ شتێکی دیکەی لە پشتەوە نەبێت، بۆیە کاتێك ئەم ئیرادەیە بەرهەم دێت، ئیدی دەتوانرێت بڕیاری قورس و چارەنووسساز بە ئاسانی بدرێت، ئاکامی بڕیارەکەش چەند قورس و ئاڵۆز بێت، هەر بە خێر دەشکێتەوە، لەمەش زیاتر ئەمانوئێل کانت، ئیرادەی خێر بە گەوهەر دەچووێنێت، ئاماژە بەوە دەکات چۆن گەوهەر ئەگەر لەناو قوڕدا بێت، هیچ لە بەهاکەی کەم نابێتەوە، هەروەها ئەگەر لە ئاوریشمێکیش بپێچرێت و بخرێتە ناو بە بەهاترین سندوقەوە،

هیچ لە بەهای گەوهەرەکە زیاد ناکات، بە هەمان شێوە ئیرادەی خێریش نە پێویستی بە پێداهەڵدانە و نە بە قسەی سووك و ناشیرینیش هیچی لێ کەم دەبێتەوە، لە هەمانکاتدا هەموو کەسێك، یان هەموو سیاسەتمەدار و سەرکردەیەك ناتوانێت و نابێتە ئەو کەسەی کە ئیرادەی خێر بەرهەم بهێنێت، بۆیە ئەو کەسانەی لە ئیرادەی خێر داماڵدراون، هەر بڕیارێك بدەن، پاشان بە سەری خۆیاندا دەشکێتەوە.

لە ناو مێژووی سەرکردەکانی جیهاندا، چەمکی کاریزمابوون بۆ زۆر لەو سەرکردانە بەکار هاتووە کە خەڵك شوێنیان کەوتوون، بەڵام کاریزمابوونی راستەقینە ئەوەیە کە خەڵك بە خواستی خوی و ئارەزوومەندانە ئەو کاریزمابوونە لە ناخیدا رەنگ بداتەوە و هەست بکات کاتێك شوێن سەرۆکی کاریزمای نەتەوە دەکەوێت، شوێن ئیرادەی خۆی کەوتووە، بۆیە دەرکەوتنی کاریزمایی راستەقینەی هەر سەرۆکێك دەرکەوتنی جۆرێك لە ئیرادەی خێرە، لەبەر ئەوەی ئیرادەی خێر کۆی ئیرادەی تاکەکانی نەتەوەیە کە لە کاریزمای راستەقینەی سەرۆکدا رەنگ دەداتەوە، هەر بۆیە کاتێك تاکەکانی نەتەوە لە دەوری کاریزمای سەرۆکەکەیان کۆدەبنەوە، ئەوا بێجگە لە کۆبوونەوە لە دەوری ئیرادەی خۆیان لە دەوری کەس کۆنەبوونەتەوە.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری ئەو ئیرادەیە بکەین کە تەنیا لە ماوەی دووساڵی رابردوودا بوونەتە هۆکاری ئەوەی سەرۆك بارزانی زۆر بڕیاری قورس و بوێرانە و چارەنووسساز بدات و، لەگەڵ هەموو سەرکردە گەورەکانی جیهان بەراوردی بکەین، دەبینین لەگەڵ ئەوەی سەرکردە گەورەکانی وڵاتانی جیهان ئەو هەموو ئیمکانییەتەشیان لەبەردەست بووە، بەڵام نەیانتوانیوە بە هاوشیوەی سەرۆك بارزانی بڕیار بدەن. هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی لە رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ بڕیاری شەری مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی دا، ئەوا لە ١١ی ئابی ٢٠١٤ سەرۆك ئۆباما توانی بڕیاری ئەوە بدات لە ئاسمانەوە شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات، تۆماس فریدمان گوتەنی: سەرۆك ئۆباما نیوەی سەری سپی بوو، ئینجا توانی بڕیاری ئەوە بدات لە ئاسمانەوە شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات. لە ئێستاشدا کە سەرۆك بارزانی داوادەکات هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆببنەوە بۆ ریفراندۆم و قسەکردن لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەم پرسە، مانای وایە دیسان لە پشت ئەم داوایەوە بڕیاریکی دیکەی قورس و بوێرانە هەیە و لەپشت ئەم بڕیارەشەوە ئیرادەیەکی خێری لە بن نەهاتوو هەیە کە ئەویش کۆی ئیرادەی هەموو خەڵکی کوردستانە، چۆن لە کاتی بڕیاری شەڕی مان و نەمان دژی داعش، ئەو قەناعەتەی هەبوو هیچ هێزێك ناتوانێت ئیرادەی خێر تێکبشکێنێت و ئیرادەی خێر هەر سەردەکەوێت و خەڵکی کوردستان بە جیاوازی بۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە لە دەوری ئەو ئیرادە خێرە کۆدەبنەوە، بە هەمان شێوە ئێستاش هەمان قەناعەت لای سەرۆك بارزانی بوونی هەیە، کە هەموو خەڵکی کوردستان بە یەك دەنگ و یەك ئیرادە پشتی پرۆسەی سەربەخۆیی دەگرێت و بەشدار دەبێت لە سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی و لەمەش زیاتر ئامادە دەبن بە گیانی خۆیان بەرگری لە مانەوەی کۆماری ئازادی کوردستان بکەن.

ئەوانەی گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، (میلیشیای پارتی و یەکێتی)-ین و سوپایەکی نیشتمانی نین، بەڵام کە کوردستان کەوتە بەر مەترسی تیرۆریستانی داعش، بینیمان چۆن کوردستان جێگەی (پارتی و یەکێتی) گرتەوە و حزبایەتی بە ئاستێك لەناو هێزی پێشمەرگە کاڵ بووەوە، وەك ئەوەیە بوونی نەبێت، هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەوری ئەو سەرۆکە کۆبوونەوە کە بڕیاری شەری مان و نەمانی دا. ئەمجارەش هەر بە هەمان شێوەیە، ئەوانەی ئێستا بوونەتە کڵاوسووری دژایەتیکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان و بیانووی جۆراوجۆر دروست دەکەن، بەوەی دەبێت دەوڵەتەکە وابێت، یان ناتوانین ئەم بڕیارە بدەین، ئەوا کاتێك سەرۆك ئەو بڕیارە دەدات، دەبینین حزبایەتی چۆن کاڵ دەبێتەوە و ئەوەشی گرەو لە سەر ئەوە دەکات کە بە نەفەسی حزبی دژایەتی ئەم پرۆسە پیرۆزە بکات، جارێکی دیکە خۆی دەبینێتەوە چۆن پەراوێز دەکەوێت و دەکەوێتە سووچێکی خراپی مێژووی نەتەوەوە.

**ئەگەر هاووڵاتیانی کوردستان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا لە سەر ئاستی ئایدیۆلۆژیەتی جیاوازی حزبە سیاسییەکان دابەش بووبن، ئەوا لە ئاستی بڕیاردان لە سەر پرسی مافی چارەنووس و پرۆسەی سەربەخۆیی هەموویان یەکدەنگن و هەروەها کە مەسەلەکە هاتە سەر ئەوەی بڕیار بۆ ریفراندۆم بدرێت، ئەوا خەڵکی کوردستان قبووڵ ناکەن، کێشە و ململانێی حزبییانە تێکەڵی پرسە نیشتمانییەکان بکرێت**

**ئەگەر بەشێک لە حزبە سیاسییەکان لەو روانگەوەیە دژایەتی ئەم پرۆسەیە بکەن، بەوەی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەم پرۆسەیەدا دەستپێشخەربوون و نایانەوێت ئەم شانازییەی مێژووی نەتەوە بە سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بدرێت، ئەوا گەلی کوردستان بە بەشی زۆری هەودارانی ئەو حزبانەشەوە، ئەم پرۆسەیە لەوە گەورەتر سەیردەکەن کە پرۆژەی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بێت، بەڵکو هەموو گەلی کوردستان بە پرۆژەی خۆی دەزانێت، هەر لایەنێکی سیاسیش بیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکەوە ئەو لایەنە گۆشەگیر دەبێت و لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا ترۆ دەکرێت**

### دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی بۆ گوڵان:

# ئەوانەی لە ٢٠٠٩ دژی ئەوە بوون دەستوور بخرێتە راپرسییەوە و نەیانهێشت ببینە خاوەنی دەستوور، غەدرێکی گەورەیان لە کوردستان کرد

لە ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی هەرە زۆری پەرلەمانتاران پرۆژەی دەستووری هەرێمی کورستانی پەسەند کرد و بەرزی کردەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ ریفراندۆم و ئەگەر هەر ئەو کات راپرسی لەسەر بکرایە، ئەوا کوردستان دەبووە خاوەن دەستووری خۆی و ئەوکاتیش هەم دامەزراوە شەرعییەکان دەیانزانی ئەرك و مافیان چییە، هەم گەلی کوردستانیش دەیزانی ئەرك و مافی چییە. بەڵام ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران بە بیانووی جۆراوجۆر ئاژاوەیان دژی راپرسی دەستوورەکە بەرپاکرد، بەوەی کە دەستوورەکە کەموکورتی هەیە، بەڵام ئەگەر دەستوورەکە ئەو ئاستەنگانەی بۆ دروست نەکرابایە، ئەوا هەتا ئێستا دەتوانرا ئەو کەموکورتییانە هەموار بکرێنەوە، لە هەمانکاتدا ئەگەر دەستوورەکە پەسەند بکرایە، زۆر لەو کێشانەی ئێستا هەمانن، هەرئەوکات لەگەڵ پەسەندکردنی دەستوورەکە چارەسەر دەکران. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی دەستوور بۆ دەوڵەت و هۆکارەکانی پەکخستنی پرۆژەی دەستووری کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی سکرتێری لیژنەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.



*** ئەگەر سەرەتا لە پێناسەیەکی گشتی دەستوورەوە دەست پێبکەین؛ ئایا گرنگی بوونی دەستوور بۆ هەر وڵاتێك چییە و بۆچی پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە؟ ئایا پەلەکردن لە نووسینەوەی دەستوور چ ئاکامێکی لە سەر ژینگەی سیاسی و سەقامگیریی کۆمەڵگە دەبێت؟**

- دەستوور گرێبەستێکە لە نێوان حکومەت و گەل، هەر دوو لایەن پێیەوە پابەند دەبن و ماف و ئەرکەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئەم دەستوورەوە پیادە دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستوور مەرجەعێکە بۆ حکومەت و گەل، هەردوولایەن ماف و ئەرکیان هەیە و دەبێت بەو دەستوورەوە پابەند بن بۆ ئەوەی وڵاتێکی دامەزراوەیی و ڕێکوپێك دابمەزرێت و هەر کێشە و گرفتێك ڕووبەڕوویان ببێتەوە، چارەسەری گونجاو و پێویستی بۆ بدۆزنەوە. لە هەرێمی کوردستانیشدا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆزەوە پرۆژەیەکی لەم جۆرە هەبوو، ئەو کات جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لە ناو کڵپە و بڵێسەی شۆڕشدا بیری لە زەرووەرتی دەستوور بۆ کوردستان کردۆتەوە و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی نەمر یاساناس و ڕۆشنبیری گەلەکەمان، ڕێزدار جەرجیس فەتحوڵا پرۆژەیەکی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان گەڵاڵە کرد، بەڵام بە هۆی ڕێککەوتنە شوومەکەی جەزائیر بابەتەکە کۆسپی هاتەپێش و نەکرا ئەنجام بدرێت. هەر

جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لە ناو کلپە و بڵێسەی شۆڕشدا بیری لە زەروورەتی دەستوور بۆ کوردستان کردۆتەوە و لەسەر راسپاردەی سەرۆکی نەمر یاساناس و رۆشنبیری گەلەکەمان، رێزدار جەرجیس فەتحوڵا پرۆژەیەکی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان گەڵاڵە کرد، بەڵام بە هۆی رێککەوتنە شوومەکەی جەزائیر بابەتەکە کۆسپی هاتە پێش و نەکرا ئەنجام بدرێت

ئەوانەی دژایەتی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەکەن و بیانوو و پاساوی جۆراوجۆری بۆ دێننەوە، بۆ ئەوەیە فیتنەیەک لە کوردستاندا بگێڕن، داوا لە پەروەردگار دەکەم بەزەیی بەم میللەتە مەزڵوومەدا بێتەوە، بۆ ئەوەی لەم ئاشووب و فیتنە و ئاژاوەیە رزگارمان بێت

ئێستا بە ئاشکرا ئەگەر فڵان حزب بڵێت سەربەخۆییم دەوێت، حزبی بەرهەڵستکاری ئەو حزبە دەڵێت: نامانەوێت و دەمانەوێت لەگەڵ عێراق بین، بەئاشکرا هاوار دەکرێت، با بچینەوە بەغدا، بەغدایەک کە بوونی نییە و نەماوە

بۆیە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹۹۲ و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، دیسانەوە لێژنەیەکی دیکە بۆ گفتوگۆ لە سەر هەمان پرۆژە و دەستوور پێکهێنرا و دیراسەتێکی رێکوپێکیان لەسەر کرد، بەڵام دیسانەوە لەگەڵ هاتنەپێشەوەی مەسەلەی فیدراڵیەت و بڕیاردان لە سەر فیدراڵییەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، وا پێویستی کرد جارێکی دی دیراسەی پرۆژەکە بکرێتەوە. ئەوە بوو لەو ماوەیە پەرلەمانی کوردستان لێژنەیەکی لە ۱۹ ئەندام پێکهێنا کە زۆربەیان پسپۆڕ بوون لە یاسادانان و دەستووری نێودەوڵەتی و دەتوانین بڵێین نوێنەرایەتی هەموو لایەنە سیاسی و حزبی و ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانیان دەکرد. پرۆژەی دەستوورەکە لە ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ تەواوکرا و لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی پێدرا و رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم بیخاتە بەردەم گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی راپرسی گشتی لە سەری، بەڵام بە داخەوە راپرسییەکە تەگەرەی تێکەوت، ئێستاش کە لێژنەیەکی دیکە راسپێردراوە بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەکە، بڕواناکەم بتوانێ لەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە، ئەرکەکە ئەنجام بدات. من لەگەڵ ئەوەدا نیم پەلە بکرێت لە نووسینەوەی دەستوور، ئەوەتا ئێمە دوای چەندین ساڵ ئەو پرۆژە یاسایەمان گەڵاڵە کرد، کەچی پێمان دەوترا کەموکورتی تێدایە، ئیتر چۆن لە ماوەی سێ مانگدا دەکرێ ئەو هەموو کەموکورتی و گرفتانەی بۆی دۆزراوەتەوە، چارەسەر بکرێ؟ دەکرێ پشت بە پرۆژەکەی ئێمە ببەستن و پرۆژەیەکی دیکە پاکنووس بکرێت و شتی زیاد و کەمی لێ چارەسەر بکرێت.

*** دەستوور بۆ بەرژەوەندی یەك لایەنی سیاسی نانووسرێتەوە، بەڵكو دەستوور بۆ نەوەكانی ئاینده دەنووسرێتەوە، بەڵام بەشێك لە حزبە سیاسییەكانی كوردستان بەو جۆرە سەیری دەستوور دەكەن، وەك ئەوەی بۆ یەك حزب بنووسرێتەوە. ئایا بە سیاسیكردنی دەستوور چ كارەساتێك بۆ نەتەوە دروست دەكات؟**

- بەداخەوە بە سیاسیکردنی دەستوور کارەساتی لێ پەیدا دەبێت، هەروەك چۆن ئێستا شەرەقسە و دەمەتەقە و کێشەیەکی بەلاشی لێ پەیدا بووە. لە واقیعدا دەستوور پرۆژەیەك نییە حزبێکی دیاریکراو بۆخۆی دایبڕێژێت، چونکە ئەو حزبەی لە کاتی نووسینەوەی دەستوور باڵادەستە، لەوانەیە لە داهاتوودا ئەو باڵادەستییەی نەمێنێت، کەواتە هەر حزبێکی کوردستانی دەبێ ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی دەستووری وڵاتەکەی بێتەکایەوە، نەك ببێتە هۆکارێك بۆ قۆرغکردن، یان بۆ بەرژەوەندی خۆی رێگانەدات دەستوورەکە رووناکی ببینێت، وەك چۆن پرۆژەی دەستووری کوردستانیان بەو ئاکامە برد و نەیانهێشت بخرێتە ریفراندۆم و کوردستانیش خاوەنی دەستووری خۆی بێت.

*** لە هەرێمی كوردستان دوای نزیكەی ۷ ساڵ لە خەریكبوون بە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری كوردستان، بڕیار بوو لە ساڵی ۲۰۰۹ لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان ئەو دەستوورەش بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەڵام بە هۆی گوشاری سیاسی و رەخنەی زۆر توند لە سەر پرۆژەی ئەو دەستوورە، بۆیە ریفراندۆمەكە دواخرا. ئایا تاچەند كوردستان زیانی كرد كە نەبووە خاوەنی دەستووری خۆی و تاچەند بوونی دەستوور گرنگە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان؟**

- پەکخستنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆر گەورەی بە کوردستان گەیاند، دەبوو ئەو پرۆژە دەستوورەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی رەهای پەرلەمانتاران پەسەندکرا و تەنیا یەك دەنگ لەگەڵیدا نەبوو، راپرسی لەسەر بکرابایە و گەل پەسەندی بکردایە، بەڵام کاتێك نەخرایە دەنگدانەوە، ئەوە پێشێلکردنێکی روون و ئاشکرا بوو دژ بە هەموو یاساکانی هەرێم و نەریتی نێودەوڵەتی، ئەگەر لەو کاتەوە خاوەنی دەستووری خۆمان بووینایە، زۆر شت دەگۆڕا، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستوورمان نییە، ئەوەتا وەك ئێستا دەبینین نە حکومەتەکەمان بووەتە حکومەتێکی دامەزراوەیی تەواو، نە توانیومانە ئەو کێشە و گرفتە یاساییانەی رووبەڕوومان بووەتەوە چارەسەریان بکەین.

*** دیارە دەستوور رەنگدانەوەی ئەو سات و وەختەیە كە دەستوورەكەی تێدا دەنووسرێتەوە. ئایا ئەگەر ئێمە لە ۲۰۰۹ ببووینایە بە خاوەنی دەستوور، لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەی رابردوو نەماندەتوانی چەند بڕگەیەكی ئەو دەستوورە هەموار بكەینەوە؟ لەمەش زیاتر ئایا رۆشنبیرییەكی دەستوور لای هاووڵاتیان بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ دەستوور دروست نەدەبوو؟**

- بێگومان ئەگەر بە تەواوەتی راپرسیمان لەسەر ئەو دەستوورە بکردایە و ببوایە بە دەستوورێکی نووسراو و متمانەپێکراو، ئەمڕۆ دەبووینە خاوەنی دەستوورێکی باوەڕپێکراو، تەنانەت ئەگەر کەموکورتیشی هەبووایە، دەمانتوانی لەو ماوەیەدا بۆ جارێکی دی هەموارمان بکردایەتەوە، بەڵام کارەساتە گەورەکەمان ئەوە بوو کە رێگەیان نەدا پرۆژە یاسای دەستوور کە تەواو ببوو، بخرێتە دەنگدان و وەکو هەموو میللەتانی دنیا ببووینایە بە خاوەنی دەستوورێکی هەمیشەیی، ئەو هەموو

زیانەشمان بەرنەدەکەوت کە لە غیابی دەستووردا بۆ هەرێمەکە رووبەڕوومان دەبێتەوە. بەڕا و بۆچوونی خۆم لایەنی ناوخۆ و دەرەکیش هەبووە کە نەیدەویست هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستوور بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە بۆشاییەکی یاسایی و دەستووریدا پەنگ بخواتەوە. لەمەش خراپتر ئەو دەستوورە لەناو پەرلەمان بە زۆرینەی رەها پەسەند کرا، لە رووی یاساییەوە گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان کارێکی ناسایی بوو، هەر بۆیە گێڕانەوەی پرۆژەی ئەو دەستوورە جارێکی دیکە بۆ ناو پەرلەمان ئەویش سەرپێچیەکی زۆر روون و ئاشکرایە، چونکە لە هیچ شوێن و دەوڵەتێکدا نەبووە پرۆژەی دەستوور دەنگی لەسەر بدرێت و ئامادەکرابێت بۆ راپرسی، کەچی بگەڕێندرێتەوە و رابگیردرێت. لە کاتێکدا پەرلەمان ئەو دەستوورە پەسەند دەکات و دەینێرێتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئیمزای بکات و بینێرێت بۆ ریفراندۆم، ئەوا لەم حاڵەتەدا جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی نابێت پرۆژەی دەستوورەکە بگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆیە ئەمەش سەرپێچی یاساییە و دەبوو پرۆژەی دەستوور کە لە پەرلەمان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا و نێردرایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا راستەوخۆ بڕوا بۆ راپرسی و دەنگدان، تەنانەت ئەگەر کەموکورتییەکیشی تێدا بووایە، دەمانتوانی جارێکی دیکە هەمواری بکەینەوە، هەروەکو چۆن لە دەوڵەتە هەرە گەورەکاندا نەك یەك جار و دووجار، بگرە چەندین جار دەستوورەکانی خۆیان هەموار کردۆتەوە، هەموارکردنەوەی دەستوور و چاککردن و پێشخستنی پرۆسەیەکی زۆر ئاساییە و هەموو میللەت و دەوڵەتێك پەنای بۆ دەبات . بۆیە ئەگەر لەساڵی ٢٠٠٩ دەستوورەکەی ئێمەش لە راپرسیدا پەسەند بکرایە، ئەو کات هەموو ئەندامێکی ناو پەرلەمان دەیتوانی ئیستناد بکاتە سەر ماددەکانی ناو دەستووری کوردستان بە پشت بەستن بەو دەستوورە کێشەکان چارەسەر دەکرا، هەروەك چۆن ئێستا لەبەر ئەوەی عێراق دەستووری هەیە، دەتوانین بڵێین عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان پێشێلی دەستوورەکە دەکات، بە هەمان شێوە ئەگەر ئێمەش دەستوورمان هەبووایە، دەمانتوانی بەپێی بڕگەکانی ئەو دەستوورە و ماددەکانی بمانسەلماندایە کە فلان حزب و دامەزراوە و کەسایەتی پێشێلی یاسایی کردووە، تەنانەت دەمانتوانی بڵێین فلانە نەتەوەش پێشێلی دەستووری هەرێمی کوردستانی کردووە.

*** دوای ئەوەی ٧ ساڵ ماندووبوونی هەموو دەستوور داڕێژەرانی کوردستان بەهەدەر درا، لە ساڵی ٢٠١٤ پەرلەمان لێژنەیەکی دیکەی بۆ داڕشتنەوەی دەستووری کوردستان پێکهێنا، ئەمجارەیان ماوەی سێ مانگیان بۆ نووسینەوەی دەستوور دانا، بەڵام وەك بینیمان بە سێ مانگ دەستوور نەنوسرایەوە. ئایا چەند غەدرمان لە خۆمان کرد کە پرۆژەی ئەو دەستوورەمان وەلانا کە ٧ ساڵ پێوەی خەریك بووین؟**

- بە ئاستەنگدانان لە بەردەم تێپەڕبوونی دەستوور و وەلانانی پرۆژەکە زیانێکی گەورەمان لەخۆمان دا. پێشینییان وتوویانە: (هەڵگرتنی بەردی گەورە، نیشانەی نەهاویشتنێتی)، کە سێ مانگیان بۆ دانا، واتا لابردنی پرۆژەکە و ئاستەنگ دروستکردن بوو بۆ ئەو پرۆژە چارەنووسسازە، من تێناگەم لە کاتێکدا پرۆژە یاسای دەستوورێك بە پێنج ساڵ تەواو بووبێت بەو هەموو پسپۆڕ و شارەزایە ئیتر چۆن و بە چ حیکمەتێك ئەو لێژنەیە دەتوانێت بە سێ مانگ ئەو دەستوورە دابڕێژرێتەوە، ئەو سەقفەی بۆ داڕشتنەوەی دەستوور لە ماوەی سێ مانگ دانرا، سەقفێکی دوور لە لۆژیك و خەیاڵی بوو .

*** ئایا کاتێك پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری وڵات دەبێتە مەیدانێك بۆ موزایەداتی سیاسی لە نێوان حزبەکان، تاچەند دەبێتە هۆکاری ئەوەی وڵات بێ دەستوور بێت و چوارچێوەیەك نەمێنێت بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی تێدا بکرێت؟**

- وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد لایەنی دیاریکراو هەیە نایەوێت و رێگانادات هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوور، هەربۆیە هەر لەسەرەتاوە کە ئەو هەموو پاساو و بیانووە بۆ دەستوورەکە هێنرایەوە، راستەوخۆ وتم: ئەمە بەڵگەیە کە نایانەوێت خەڵکی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، هەرواش دەرچوو. ئەوە بوو پرۆژەکەیان لە گشتپرسی کشانەوە و دووبارە هێنایانەوە ناو پەرلەمان، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە نایانەوێت کوردستان خاوەنی دەستوور بێت، ئێستاش لایەنی زلهێز هەیە لە وڵاتانی ئیقلیمی و دەرەکیش کە زۆر بە توندی لە دژی دەرکردنی دەستووری کوردستانن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستوور رەمزی سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنە، هەربۆیە زۆر بە توندی دژی تێپەڕبوونی پرۆژەی دەستوورەکە بوون و تەنانەت رێگایان نەدا گشتپرسیشی لەسەر بکرێت. ئەوان باش دەیانزانی ئەگەر لە کوردستان دەستوور نەبێت، ئەوە دەکەوینە ناو ئەو کێشە و گرفتانەی ئەمڕۆوە، تەنانەت زۆر بە ئاسانی لێرە و لەوێ هێز و لایەنی سیاسی لە دژی یەکتر هان دەدرێت، بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆ نەبێت و نەبینە دەوڵەت.

**هاندانی دەرەکی و دژایەتیکردنی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەمووی وایکرد پرۆژەکەیان لەبار برد. بۆیە، ناکرێت ئێمە لەسەر ئەو ئەقڵییەتە حزبییە تەسکە بەردەوام بین و دژی هەموو دەستکەوت و پرۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بوەستینەوە**

**پرۆژە یاسای دەستوور رێگەی لە سەربەخۆیی نەگرتووە، چونکە دەکرێ دوای راگەیاندنی سەربەخۆییش دەستوور دابڕێژین، بەڵام ئەگەر دەستوور ئامادە بووایە، زۆر زۆر باشتر کارەکان دەچوونە پێش، ئەگەر ئێمە هەنگاو بنێین بەرەو سەربەخۆیی، دەتوانین لەهەمان کات کار بۆ دەستوورەکەش بکەین**

**لایەنی دیاریکراو هەیە نایەوێت و رێگانادات هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوور، هەربۆیە هەر لەسەرەتاوە کە ئەو هەموو پاساو و بیانووە بۆ دەستوورەکە هێنرایەوە، راستەوخۆ وتم: ئەمە بەڵگەیە کە نایانەوێت خەڵکی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، هەرواش دەرچوو**

**پرۆژە یاسای دەستوورێک بە پێنج ساڵ تەواو بووبێت بەو هەموو پسپۆڕ و شارەزایە ئیتر چۆن و بە چ حیکمەتێک ئەو لیژنەیە دەتوانێت بە سێ مانگ ئەو دەستوورە دابڕێژرێتەوە، ئەو سەقفەی بۆ داڕشتنەوەی دەستوور لە ماوەی سێ مانگ دانرا، سەقفێکی دوور لە لۆژیک و خەیاڵی بوو**

**دەبوو ئەو پرۆژە دەستوورەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی رەهای پەرلەمانتاران پەسەندکرا و تەنیا یەک دەنگ لەگەڵیدا نەبوو، راپرسی لەسەر بکرابایە و گەل پەسەندی بکردایە، بەڵام کاتێک نەخرایە دەنگدانەوە، ئەوە پێشێلکردنێکی روون و ئاشکرا بوو دژ بە هەموو یاساکانی هەرێم و نەریتی نێودەوڵەتی**

**ئەمەریکا و هیندستان چەندین جار ماددەکانی ناو دەستووریان هەموار کردۆتەوە، تەنانەت وڵات هەیە ٢٠ جار زیاتر دەستوورەکەی هەموار کردۆتەوە، دەقەکانی دەستوور، دەقی قورئانی پیرۆز نییە کە دەستکاری نەکرێت و هەموارنەکرێتەوە**

*** کەواتە چۆن دەبینە خاوەنی دەستوورێك کە نەوەکانی داهاتووش سوودی لێوەربگرن؟**

- ئەو پرۆژە دەستوورەی لە ساڵی ٢٠٠٩، پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، کە دەستوورێکی زۆر پێشکەوتوو بوو، دەتوانرێت هەر هەمان پرۆژە بخرێتە راپرسییەوە و دەنگی لەسەر بدرێت، پاشان بۆ هەموارکردنەوەی کەموکورتییەکان دەتوانرێت بە رێگەی دەنگی چەند پەرلەمانتارێك داوای هەموارکردنی ئەو بڕگانە بکەن، وەك نەریتی زۆربەی وڵاتانی جیهان، لەوانە ئەمەریکا و هیندستان چەندین جار ماددەکانی ناو دەستووریان هەموار کردۆتەوە، تەنانەت وڵات هەیە ٢٠ جار زیاتر دەستوورەکەی هەموار کردۆتەوە، دەقەکانی دەستوور، دەقی قورئانی پیرۆز نییە کە دەستکاری نەکرێت و هەموارنەکرێتەوە، بۆ دەبێت ئێمە ئەوەندە موعەقەد بین کە نەتوانین پرۆژە یاسایەك تێپەڕێنین، من ئەو هەموو رەخنە و گرفت و ئاستەنگانەی کە لە بەردەم تێپەڕاندنی دەستووری کوردستان دانرا تەنیا بۆ موزایەدەی حزبی ناگەڕێنمەوە، بەڵکو لە سەرەتاوە لە دژی بوونی دەستوورەکە بوون و نەیاندەویست هەر دەستوور هەبێ، لایەنی دەرەکی مەترسی ئەوەیان هەبوو لەگەڵ ئەوەی هەرێمەکە دەبووە خاوەنی دەستوور، لە هەمانکاتدا کوردستانیش بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆیشت، هەربۆیە بۆیان چووە سەر و ئەو هەلەیان لەدەست داین.

*** ئەمڕۆ کوردستان لە زۆر رووەوە، بەتایبەتی بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی باشی ناوە، ئایا نەبوونی دەستوور کاریگەری لەسەر ئەو هەوڵە هەیە؟**


- بە هەرحاڵ، پرۆژە یاسای دەستوور رێگەی لە سەربەخۆیی نەگرتووە، چونکە دەکرێ دوای راگەیاندنی سەربەخۆییش دەستوور دابڕێژین، بەڵام ئەگەر دەستوور ئامادە بووایە، زۆر زۆر باشتر کارەکان دەچوونەپێش، ئەگەر ئێمە هەنگاو بنێین بەرەو سەربەخۆیی، دەتوانین لەهەمان کات کار بۆ دەستوورەکەش بکەین.

*** خۆت سکرتێری ئەو لیژنەیە بوویت کە پرۆژەی دەستووری داڕشت. ئایا تاچەند رەچاوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و ئایین و ئایینزا و نەتەوەکان و رەگەز و چین و توێژەکانی کوردستان لەو رەشنووسی دەستوورەدا کراوە، بەتایبەت کە هەرێمی کوردستان بە هەرێمی پێکەوەژیان و لێبووردەیی ناسراوە؟**

- لە داڕشتنەوەی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستاندا، سوود لە ئەزموون و دەستووری ٤٠ وڵاتی پێشکەوتوو وەرگیراوە، لەوانە ئەمەریکا، رووسیا، وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی، واتا ئەم پرۆژەی دەستوورە بەرهەمی زادەی فیکر و بۆچوونی هەموو ناوەڕۆکی ئەو دەستوورانەی دنیای پێشکەوتوو بووە و رەچاوی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەیی تێدا کراوە، مافی هاووڵاتیبوون و کەسایەتی تاکی کوردی تێدا چەسپێنراوە، تەنانەت رەچاوی دەستووری عێراقیشی وەکو دەستووری دایك تێدا کراوە و شتێکی وای تێدا نییە دژ بێت لەگەڵ دەستووری عێراقدا، ماددە و ئەحکامەکانی زۆر بە رێکوپێکی دانراوە، بەڵام بەداخەوە ململانێی ناوخۆ و حزبایەتی و موزایەداتی سیاسی وایکرد، بڵێن کەموکورتی تێدایە، هەروەها لەگەڵ هاندانی دەرەکی و دژایەتیکردنی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەمووی وایکرد پرۆژەکەیان لەبار برد. بۆیە، ناکرێت ئێمە لەسەر ئەو ئەقڵییەتە حزبییە تەسکە بەردەوام بین و دژی هەموو دەستکەوت و پرۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بوەستینەوە. ئەوەتا ئێستا بە ئاشکرا ئەگەر فلان حزب بڵێت سەربەخۆییم دەوێت، حزبی بەرهەڵستکاری ئەو حزبە دەڵێت: نامانەوێت و دەمانەوێت لەگەڵ عێراق بین، بەئاشکرا هاوار دەکرێت، با بچینەوە بەغدا، بەغدایەك کە بوونی نییە و نەماوە.

*** لە کوردستان کۆمەڵێك قەیرانی ئابووری و سیاسیمان هەیە، ئایا ئەگەر دەستوورمان هەبووایە تاچەند دەتوانرا ئەو گرفت و کێشانە چارەسەر بکرێت؟**

- من ناڵێم دەستوور چارەسەری هەموو گرفت و کێشەکان دەکات، هەندێکی وەکو قەیرانی ئابووری دەستی عێراق و دەرەکی تێدایە، هەروەها لەکاتی ئەم قەیرانەدا کە عێراق بودجەی نەدەنارد، لەلایەکی دیکەشەوە لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆش نەیاندەهێشت نەوت بفرۆشین و پرۆسەکەیان دواخست، تەنانەت راوبۆچوونی شەقامیان بەلاڕێدا دەبرد، ئەمەش وایکرد تووشی قەیران ببین، لەکاتێکدا هەموو تاکێکی کوردستانی دەزانێت وڵاتانی دەوروبەر و عێراق هۆکاری سەرەکی قەیرانە ئابوورییەکانی کوردستانن، کاتێکیش بەهای نەوت هاتە خوارەوە گرفتەکە ئاڵۆزتر بوو، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئەگەر دەستوورمان هەبوایە، زۆر لەو گرفت و کێشانە چارەسەر دەکران، لەبەر ئەوەی بازنەیەك بوو هەموومان کۆبکاتەوە، ئەوکات مەرجەعمان دەبوو بە دەوڵەت و میللەت ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکرد. لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێبکەم، دیارە لە زۆر وڵاتی دیکەی دنیاش لەکاتی دامەزراندنیدا ئەم حاڵەتە روویداوە، هەرگیز هەموو لایەنە سیاسییەکان و حزبەکان لە سەر پرۆژە یاسای دەستوور و ریفراندۆم و تەنانەت




دروستبوونی دەوڵەتیش کۆك نەبوون، بەڵام ئەوان لە پرۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا هێڵی سووریان هەیە و دەنگی میللەت لە سەرووی هەموو دەنگەکانەوە بووە، بۆیە ئێمە دەمانتوانی پرۆژەی دەستوورەکە بخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا، ئەوا دەگەڕایەوە و دووبارە داوامان لێدەکرا هەمواری بکەینەوە و کەموکورتییەکانی راست بکەینەوە، دوای ئەوە جارێکی دیکە دەخرایەوە راپرسی بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێتەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەی دەستوورە، بە ئاستی ستاندەردی جیهانی دەستوورێکی نێودەوڵەتی و نموونەییە، ئەوا دەکرا تەنانەت لە دوارۆژدا پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سوودی لێوەربگرێت و بەپێی بەرژەوەندی میللەتەکە هەمواری بکاتەوە.

*** بەڵام ئێستا ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەمیشیان وەك ریفراندۆمەکەی دەستوور خەریکە ئاستەنگی بۆ دروست بکرێت، ئایا لەسەر ئەمیان چی دەڵێن؟**

- لەگەڵ ئەم هەموو کۆسپ و ئاستەنگ و ململانێ ناخۆشە توندەی کە ئێستا هەیە، بەڵام ئومێدم زۆرە ریفراندۆم بکرێت و سەربەخۆیی بەدەست بهێنین، چونکە هەلەکە لەبەردەستدایە و سەرکردەکانمان زۆربەیان چاویان لەوەیە کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدەین و ببینە خاوەنی دەستوور و وڵاتی خۆمان، داوا لەهەموو تاکێکی کورد دەکەم پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات کە بە هەزارەها شەهید و قوربانی و ماڵوێرانیمان داوە، ئەوەش تەنیا لە پێناو سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستاندا بووە، هەر حزب و لایەنێکی سیاسی کە دژایەتی سەربەخۆیی بکات، واتا راستگۆ نەبووە لەگەڵ ئەو هەموو خەبات و قوربانی و شەهیدەی کە هەیەتی، ئەمەی ئەمڕۆ روودەدات و ئەوانەی دژایەتی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەن و بیانوو و پاساوی جۆراوجۆری بۆ دێننەوە، بۆ ئەوەیە فیتنەیەك لە کوردستاندا بگێڕن، داوا لە پەروەردگار دەکەم بەزەیی بەم میللەتە مەزڵوومەدا بێتەوە، بۆ ئەوەی لەم ئاشووب و فیتنە و ئاژاوەیە رزگارمان بێت.

**دەستوور مەرجەعێکە بۆ حکومەت و گەل، هەردوولایەن ماف و ئەرکیان هەیە و دەبێت بەو دەستوورەوە پابەند بن بۆ ئەوەی وڵاتێکی دامەزراوەیی و رێکوپێک دابمەزرێت و هەر کێشە و گرفتێک رووبەڕوویان ببێتەوە، چارەسەری گونجاو و پێویستی بۆ بدۆزنەوە**

# بۆچی دژایەتیی بارزانی دەکەن؟



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

شتێکی ئاساییە کە دەبینین زۆر جار کەسایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلایەن هەندێ دەوڵەتان و چەند لایەنێکی ناوخۆییەوە دەکەونە بەر هەڵمەتی ناڕەوای میدیا و دەزگاکانی راگەیاندنەوە، ئەوەی لەم دواییەدا بینیمان دیارترین بەڵگەیە لەو هەڵمەتە ناشارستانییانەی کە کەناڵی ئاسمانیی بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامی دا، بەڵام وەڵامی بارزانی وەك بۆمبێك بوو بە ڕووی ئەو بزووتنەوەیەدا، کاتێ بەڕێزیان گوتی: «داوا لە خەڵکی سەربەرزی کوردستان دەکەم کە کەس لەسەر من وەڵامی ئەم هەڵمەتە و قسەکانیان نەداتەوە و کەس بۆ ئەو ئاستە نزمە دانەبەزێ..» بەم وشانە سەرۆك بارزانی ئاوێکی ساردی بە دڵ و دەروونی خەڵکەکەدا کردەوە لەو مانگە پیرۆزەی رەمەزاندا، مانگی خێر و پەرستن و برایەتی و خۆشەویستی، بۆیە من پابەند دەبم بەو قسانەو داکۆکی لە بارزانی ناکەم، بەڵام ناچار دەبم هەندێ راستی دەربارەی بارزانی بخەمەڕوو، تاکو خوێنەر پێیان ئاشنا بێت و بە هەندێ درۆ و دەلەسەی لایەنە قین لەدڵ و قەڵەمە درۆزنەکان هەڵنەخەڵەتێت.

من تەنیا وەك رەخنە لەسەر کەسایەتییە سیاسییەکان دەنووسم، چونکە بەدەگمەن سیاسەتمەداری پاك و راستگۆ دەبینیت، لە عەقڵییەتی خەڵکەکەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە وێناکراوە کە هەموو سیاسەتمەدارێك گەندەڵە، بەڵام ئەمە راست نییە، بەڵێ سیاسەتمەداری گەندەڵ و ناپاك هەیە چ لە عێراق یان لە کوردستاندا، بەڵام نەك هەموو سیاسەتمەدارێك گەندەڵە، کاتێ باسی کەسایەتییەکی وەك بارزانی دەکەم بە هەموو دڵسۆزیی و قەناعەتێکەوە لێی دەدوێم، ئەو پیاوە زۆر ستەمی دەرحەق کراوە، وێنەکەی شێوێندراوە، بوختانی بۆ هەڵبەستراوە، ئەوەی دەرحەق ئەو گوتراوە هیچ عەقڵێکی دروست قبووڵی ناکات، تەنانەت هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی زیندوو پێی قایل نابێت، لێرەدا نابێ رۆڵی هەندێ نووسەری عێراقی و کوردی ناپاك لەبیربکەین ئەوانەی ئایین و دنیاو مۆڕاڵ و ویژدانیان فرۆشتووە لەپێناو دەستکەوتنی پلەو پایەو ناوبانگ و پارە، ئەو تاقمە نەیارە قەڵەمەکانیان بۆ تانە لێدان لە کەسایەتیی بارزانی و شێواندنی وێنەو مێژوو و هەڵوێستە نیشتمانییەکانی خستۆتە گەڕ، بەڵام گەلی کوردستان چاك دەزانێت ئەو قەڵەمانە بەکرێگیراو خیانەتکاری نیشتمان و مێژوون، بارزانیش تاکە کەسایەتیی نیشتمانی نییە کە دەکەوێتە بەر ئەم شاڵاوە قێزەوەنانە، دوا کەسایەتیش نابێت، مێژووش پڕیەتی لەو نموونانە، زۆر جار لە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکان دەخوێنینەوە کە تابووری پێنجەم دەستیان هەبووە لە تانەلێدان لە بەهاو پایەو دڵسۆزیی و هەڵوێستی کەسایەتییە نیشتمانییەکان، بەڵام ئەو کەسایەتییانە لە بەرچاوو لەعەقڵی گەلاندا هەمیشە بە پاکیی و بەرزیی و بەهێزیی و دڵسۆزیی دەمێننەوە، ئەو قەڵەمە خیانەتکارانەش فڕێدەدرێنە زبڵدانی مێژووەوە، نموونەش بۆ ئەمە زۆرن، بەڵام لەم وتارەدا بواری هێنانەوەی ئەم نموونانەمان نییە.

بارزانی هەموو ژیانی لە خزمەتی ئەم نیشتمانەدا داناوە، ئەو هەردەم بەوە رازی نەبووە کە بە ملکەچی و ژێردەستەیی بژێت، بەڵکو ژیانی لە ئاوارەییدا پێ باشتربووە لەوەی کە لە سایەی دوژمنانیدا ژیان بگوزەرێنێت، دیارە تاڵیی و ناخۆشیی ئاوارەییش چۆنە، ئەو دەیتوانی ژیانێکی زۆر بەختەوەرو دەوڵەمەندانە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، تەنانەت دوژمنەکانیشی هەر ئەوەیان گەرەك بووە، بەڵام ئەو ئەمەی رەتکردۆتەوەو پێی باش بووە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە شاخ و داخەکاندا بژێت، چونکە هەموو جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێشمەرگایەتی چاکترین شانازی و سەربەرزییە بۆ ئەو، ئەو بنەماڵەیە لە مێژوودا بەوە ناسراوە کە قوربانییەکی زۆریان داوەو کەسیش ناتوانێت نکۆڵیی لەوە بکات، لێرەشدا باس لەوە ناکەم، چونکە باسکردنی ئەم لایەنە چەندین کتێبی پێویستە.

## ● بۆچی دژایەتیی بارزانی دەکرێت؟

من پێموایە کە هۆکاری ئەو دژایەتیکردن و رق و قینەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارزانی بڕوای بەو پرەنسیپانە هەیە کە بەکورتی باسیان دەکەم، هەروەها ئەو هەڵوێستانەی لە ژیانیدا پەیڕەوەی کردوون، دەکرێ بەم خاڵانە بەکورتی روونیان بکەینەوە:

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان بناغەی ژیانێکی ئاسوودەیە، هەروەها بنەمایەکی سەقامگیریی سیاسییە، بۆیە ئەو رێگە نادات جیاکاریی ئایینی و ئایینزایی و ئیتنی لە کوردستان بێتەئاراوە، ئەم قەناعەتەش لە کوردستان پەیڕەوکراوە بە پێچەوانەی عێراق، بۆیە دەبینین ئەو ئاوارانەی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە (کریستیان و ئێزیدی و شەبەك و سوننەو شیعەو سابئە) یان تێدایە، دەشبینین حاڵ و گوزەرانی هەندێ تایفە لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق چۆنە، هەر لەبەر ئەوە ناچار بوون رووبکەنە کوردستان کە رەوشی ئاسایش و بەیەکەوە ژیانی تێدا سەقامگیرو سەلامەتە، دیارە هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکەو لە سەروویانەوە بەغدا بەو سیاسەتە راست و دروستە پەست بوونە.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە دیموکراسییەت چاکترین چارەسەری کێشەی دەوڵەتانە لەنێو سیستەمی سیاسیدا، فیدراڵییەتیش دروستترین چارەسەرە لە عێراق، بە دڵنیاییشەوە ئەو سیاسەتە راستە هەندێ لەو دەوڵەتانەی نیگەران کردووە کە باوەڕیان بە دیموکراسییەت و فیدراڵییەت نییە.

* بارزانی بڕوای وایە کە سیستەمی فیدراڵییەت لە عێراقدا شکستی هێناوە، بۆیە پێویستە پەنا ببرێتە بەر بژاردەی دیکە، وەك کۆنفدراڵییەت یان سەربەخۆیی سیاسی، دیارە ئەو قەناعەتەش بۆ هەندێ دەوڵەت جێگەی مەترسییە، کە ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە لە فەرهەنگی ئەواندا بوونیان نییە.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە دیاریکردنی چارەنووس مافی گەلانە self-determination کە پرەنسیبێکە یاسای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیریی دەکەن، مافی نەتەوەی کوردیشە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەبێت، دەبینین هەندێ سیاسەتمەداری کورد بڕوایان بەو مافە نییە، بۆیە دژایەتیی دەکەن، بەوەی کە بە هەڕەشەی دەزانن بۆ سەر یەکێتیی عێراق وەك هەندێ پەرلەمانتاری سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان، بۆیە دەوڵەتی یاسا رایگەیاندووە کە بزووتنەوەی گۆڕان نزیکترین بزووتنەوەیە لە بەغدا، بە هۆی ئەو هەڵوێستەیان کە پشتگیرییە لە عێراق و دژی سەربەخۆیی کوردستانە.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە فاکتەری سەقامگیریی ناوچەکە، بەڵکو نابێتە فاکتەری هەڕەشە بۆ سەر هیچ دەوڵەتێك، بۆیە پێویستە پێوەندیی دۆستایەتی و بەرژەوەندی و رێزگرتنی هاوبەش لە نێوان کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ بێتە ئاراوە.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر پێویستە بە رێگەی ئاشتی و دانووستان چارەسەربکرێن، مانەوەشیان هەر وا بە هەڵپەسێردراوی قەیرانی دیکە بۆ هەردوولا دێننە ئاراوە، بۆیە ئەگەر ئەو کێشانە بێ چارەسەر مانەوە، ئەوا چاکترە پەنا ببرێتە بەر دیالۆگی بنیادنەر لەپێناو ئەوەی کە ببینە دوو دەوڵەتی دراوسێ و بە ئاشتی و سەقامگیریی بژین.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش مەترسیدارترین هەڕەشەیە بۆ جیهان، ئەوەی کە رێگەی بە داعش داو هێنایە ناو عێراق نوری مالیکی بوو، هەر ئەویش هۆکاری کەوتنی موسڵ بوو، جا لەبەر ئەوەی کە داعش مەترسییەکی گەورەیە، بەرێزیان راستەوخۆ سەرپەرشتیی بەرەکانی جەنگ دەکات لەپێناو بەرگری لە کوردستان.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە حەشدی شەعبی جێگەیان لە کوردستان نابێتەوە، هەر ئەوەیش وای کردووە کە سەرانی حەشدی شەعبی دژایەتیی سەرۆك بکەن، هەروەها لەلایەن ئەو دەوڵەتەشەوە کە لە رووی ئایدیۆلۆژییەتەوە وەك یەکن، بۆیە زۆر هەڕەشەی ئەوانەمان گوێ لێ بوو، بەڵام بوو بە بڵقی سەر ئاو، لەو شتانەی کە بارزانی بە برایانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی راگەیاندووە، بوونی حەشدی شەعبییە لە کەرکوك، کە رێگە نادات بێنە ناوچەکەوە، لەبەر ئەوە دەبینین رۆژانە کێشە لەنێوان حەشدی شەعبی و هێزەکانی پێشمەرگە لە خورماتوو سەرهەڵدەدات، کە بە پێی بەڵگەکانی مێژوو و جوگرافیا ئەو ناوچانە کوردستانین.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە کێشەی کورد نەتەوەیی و نیشتمانیی و مێژووییە، نەك کێشەی ئایینی و ئایینزایی و تایفی، بۆیە کوردستان نابێتە لایەنێك لە هیچ ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی، جا لەبەر ئەو هەڵوێستە نەگۆڕەی بارزانی، دەوڵەتێکی ئیقلیمی لەمیانی هەڵمەتێکی دڕندانەی راگەیاندن و وەکیلەکانیان لە کوردستان دا دژایەتییەکی تەواوی بارزانی کرد، دیارە ئەمەش لە رێگەی چەند کەناڵێکی کوردی و هەندێ ماڵپەڕو رۆژنامەو گۆڤاری ناسراوی بەدناوەوە لە هەرێمی کوردستان.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە شەڕی ناوخۆ تاوانە، نابێ کورد بە دەستی کورد بکوژرێت، هەندێکیش فیتی

■ **لە عەقڵییەتی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەو شێوەیە وێناکراوە کە هەموو سیاسەتمەدارێک گەندەڵە، بەڵام ئەمە راست نییە، بەڵێ سیاسەتمەداری گەندەڵ و ناپاک هەیە، چ لە عێراق و چ لە کوردستاندا، بەڵام هەموو سیاسەتمەدارێک گەندەڵ نییە**

■ **بارزانی هەرگیز بەوە رازی نەبووە کە بە ملکەچی و ژێردەستەیی بژێت. ئەو دەیتوانی ژیانێکی زۆر بەختەوەر و دەوڵەمەندانە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام ئەمەی رەتکردۆتەوە و پێی باش بووە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە شاخ و داخەکاندا بژێت، چونکە هەموو جار دووپاتی کردۆتەوە کە پێشمەرگایەتی چاکترین شانازی و سەربەرزییە بۆ ئەو**

■ **بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان بناغەی ژیانێکی ئاسوودەیە، هەروەها بنەمایەکی سەقامگیریی سیاسییە، بۆیە ئەو رێگە نادات جیاکاریی ئایینی و ئایینزایی و ئیتنی لە کوردستان بێتەئاراوە**

**بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە شەڕی ناوخۆ تاوانە، نابێ کورد بە دەستی کورد بکوژرێت، هەندێکیش فیتی ئەم کارە قێزەوەنە دەدەن و دەیانەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم کارە پەلکێش بکەن**

**حزبە کوردییەکان ترسیان لەوەیە کە سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، سوورن لەسەر ئەوەی کە لە ڕێی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، زانراویشە ئەو سەرۆکەی کە گەل هەڵیدەبژێرێت بەهێزترە و زیاتر جێگەی راستییە لەوەی کە لە نێوان ژمارەیەکی دیاریکراوی پەرلەمانتارانەوە دێتە هەڵبژاردن**

**هەندێ دەوڵەت بەردەوام لە هەوڵی شێواندنی وێنەی بارزانیدان، تاکو گەلی کورد قەناعەتی بە کەسایەتیی و پرۆژە نیشتمانییەکەی نەبێت، نەک راستەوخۆ بەڵکو لە ڕێی کەناڵە بەکرێگیراو و قەڵەمە ناسراوەکانەوە، هەموو ئەو هەوڵانەیان بۆ لەناوبردنی خەونی دەوڵەتی کوردییە**

ئەم کارە قێزەوەنە دەدەن و دەیانەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم کارە پەلکێش بکەن.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە گەندەڵیی ئیداری هەڕەشەیە بۆ سەر ئاییندەی کوردستان، بۆیە پێویستە ئەو گرێیە مەترسیدارە ریشەکێش بکرێت، هەر لە بنەماڵەی خۆیەوە دواتر حزبەکەی و ئەوجا لە حکومەتیشدا.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە پێویستە پەرلەمان رۆڵی کارای هەبێت لە پرسە یاسایی و چارەنووسسازەکاندا، نابێ ئەو دامەزراوە باڵایەی یاسادانان بکرێتە ئامرازێکی حزبی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، پێویستە ئەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکات کەسێکی لێهاتوو و پەسندکراو بێت، نەك گەنجێکی سەرکێش کە پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێتی سیاسی نەزانێت و رەچاوی رێکەوتنە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات نەکات.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە کەمینەو زۆرینە نییە، بەڵکو پێویستە رەچاوی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بکرێت، هەمووان لەم نیشتمانەدا شەریکن، یاساش لەسەر هەموو کەسێکەوەیە.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە سازانی نیشتمانی باشترین چارەسەری سەقامگیریی سیاسییە لە عێراق و کوردستان، ئەوەی کە عێراقی بەم چارەنووسە گەیاند رەچاونەکردنی سازانی نیشتمانی بوو، ئەوەی کە کوردستانیشی بەم قەیرانە گەیاند سەپاندنی ئیرادەی ئیقلیمی بوو بەسەر زۆرینەدا، هەروەها رەچاونەکردنی مافی هەڵبژاردنی گەل بوو.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان پێویستە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، ئەویش ئامادەیە هاوکارییان بکات، زۆر یارمەتی کوردانی داوە لە هەر شوێنێك بووبن، ئەو سوپاسگوزاریی و ستایشی ئەوانی پێویست نییە، بەڵکو تەنیا سەقامگیریی بۆ گەلی کورد مەبەستە کە ماوەیەکی زۆرە رووبەڕووی مەینەتی بووەتەوە.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیا بە شەڕ چارەسەرناکرێت، بەڵکو پێویستە بگەڕێنەوە سەر مێزی دانووستان، لەبەر ئەو سیاسەتەی بارزانی تورکیا هەڕەشەی لە کوردستان و لە بارزانی دەکرد، لە هەمان کاتدا پەکەکە دژایەتیی بارزانی دەکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات تورکیا قەناعەتی بە پێشنیارەکەی بارزانی هات و داوای یارمەتیی شەخسیی لێکرد، بەم شێوەیەش پەکەکە قەناعەتی هات، بۆیە پرۆسەی ئاشتی چەند قۆناغێکی پێشکەوتووی بڕی، بەڵام دواتر هەرەسی هێنا، چونکە هەندێ دەوڵەت و حزب و کەس بە پرۆسەی ئاشتی زەرەرمەند بوون.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە پەرەسەندنی ئاوەدانی و تەکنۆلۆژیی مەرجێکی پێشکەوتنی کوردستانە، بۆیە بەو توانا کەمە بە بەراورد لەگەڵ بەغدادا زۆر گەشەی سەندووە، با بێین و بەراوردی نێوان ئەو دوو شارە بکەین، ئەو قسەیە هی من نییە، بەڵکو تێڕوانین و رای کەسانی میوانە کە سەردانی هەولێر دەکەن، بەتایبەتیش برایانی عێراقی کە لە پارێزگاکانی باشوورەوە دێن.

* بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە سەرباری ئەو تەحەددیاتە سەختانەی رووبەڕووی کوردستان دەبنەوە، بەڵام پێویستە ژیان بەردەوام بێت، بەڵێ قەیرانێکی سەختی دارایی هەیە، شەڕی داعش و قەیرانی ئاوارەکان لە ئارادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە ژیان بەردەوامە هەرچەندە زەحمەتیشە، بۆیە ئەگەر هەر دەوڵەتێکی دیکە بوایە لەباتی کوردستان یەکسەر هەرەسی دەهێنا.

من پێموایە کە بەهۆی ئەو هەڵوێست و سیاسەت و بڕوا چەسپیوە، دەوڵەتان و حزبە عێراقی و کوردییەکانیش دژایەتیی بارزانی دەکەن، چونکە ئەو هەڵوێستانە سیمای سەرکردە نیشتمانپەروەرەکانە، ئەوانەی کە هەستی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیەو نەتەوەکانیان بەرەو کەناری ئارام دەبەن، بۆیە هەندێ دەوڵەت بەردەوام لە هەوڵی شێواندنی وێنەی بارزانیدان و دەیانەوێت لە بەهاکەی کەم بکەنەوە، تاکو گەلی کورد قەناعەتی بە کەسایەتیی و پرۆژە نیشتمانییەکەی نەبێت، نەك راستەوخۆ بەڵکو لەڕێی کەناڵە بەکرێگیراوو قەڵەمە ناسراوەکانەوە، هەموو ئەو هەوڵانەیان بۆ لەناوبردنی خەونی دەوڵەتی کوردییە، بەڵام من لەو قەناعەتەدام کە گەلی کورد باش دەزانێت بارزانی کێیە؟ بۆیە حزبە کوردییەکان ترسیان لەوەیە کە سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، سوورن لەسەر ئەوەی کە لە ڕێی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت تاکو حەزو ئارەزووی راستەقینەی گەل بکوژن، زانراویشە ئەو سەرۆکەی کە گەل هەڵیدەبژێرێت بەهێزترەو زیاتر جێگەی راستییە لەوەی کە لەنێوان ژمارەیەکی دیاریکراوی پەرلەمانتارانەوە دێتە هەڵبژاردن، بە دڵنیاییشەوە گەلی کوردستان سووردەبێت لەسەر ئەوەی بارزانی بە سەرۆکی کوردستان هەڵبژێردرێت، تاکو پرۆژە نیشتمانییەکەی تەواوبکات و خەونی هەموو کوردێکی ئابڕوومەند بێنێتە دی، ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە کە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی بەختەوەرو بەیەکەوە ژیان و ئاشتیی تێدا بەرقەراربێت.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# کوردستانییان و شێوازێکی نوێی خەباتکردن



مینا ئاوەکەلی *

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەر سەردەمێکی مێژووی نەتەوەکان، جۆرە خەباتێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ئەو میللەتە و میللەتی کوردیش وەکو زۆرینەی میللەتانی جیهان بۆ بەدەستهێنانەوەی مافە ڕەوا و زەوتکراوەکانی خەباتی کردووە. گەلی کوردستان هەموو قوناغەکانی خەباتی تاقی کردووەتەوە، لەوانە شاخ واتە چەکداری، مەدەنی، سیاسی و دیپلۆماسی، ئێستاش دواقوناغی خەباتێتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

گەلی کوردستان لە سایەی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی و دەست و مەچەکی هێزی پێشمەرگە لە ئێستادا دەتوانێت لە ڕێگەی ڕیفراندۆم (گشتپرسی)ـەوە بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات. ئەمەش شێوازێکی نوێی بڕیاردانە، ڕەنگە زۆر کەس و لایەن بترسن و متمانەیان بە خۆیان و گەل نەبێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان سوورە لە سەرە ئەوەی کە گەل دەبێت سەرچاوەی دەسەڵات و بڕیار بێت.

ریفراندۆم بە واتای وەرگرتنی ڕای گەل سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو کە بووەتە مایەی دروستبوونی دوو بۆچوون، یاخود دوو ئاراستە، بۆ گەلی کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە واتا دەدات. بۆ ئێمەی کوردستانییان ریفراندۆم بە مانای یەکلاییکردنەوەی پرسێکی هەنووکەیی و گرنگە، ئەویش پرسی سەربەخۆیی کوردستانە، پرسێك کە چەندین ڕۆڵەی ئەم میللەتە بۆی بوو بە قوربانی و خەونی هەموو دایك و باوك و خێزانێکی هاونیشتمانە بە منداڵ و گەورەوە، بەتایبەتی خەونی هاوسەنگەر و هاوخەباتی شەهیدانە. گەلی کوردستان قوناغی زۆر سەخت و دژوار و نەهامەتی زۆری دیتووە بۆ گەیشتن بەم رۆژ و ئامانجە و ئامادە نین بیکەینە قوربانی بۆ مەرامی تایبەتی، یاخود حزبی، جا هەر کەس و لایەنێك بێت. ئەمەش بەو واتایە کە تەنیا میللەت دەتوانێ بڕیار لەسەر سەربەخۆیی بدات.

ریفراندۆم ڕێگایەکی ئاشتی و مەدەنییە بۆ گەیاندنی پەیام و داخوازی خەڵك بە جیهان. زۆربەی وڵاتە دیموکراتییەکان لە کاتی بوونی پرسێکی چارەنووسساز پەنا دەبەنە بەر ریفراندۆم، بۆ نموونە جیابوونەوەی باشووری سودان لە سودان سەرباری بوونی ناکۆکییەکی زۆر، بەڵام لە کۆتاییدا ریفراندۆم ئەم پرسەی یەکلایی کردەوە. هەروەها ریفراندۆمی سکۆتلاندا بۆ جیابوونەوە لە بەریتانیا. ڕیفراندۆمی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بۆ دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا. ئەوەی کە گرنگە بخرێتە بەرچاو ئەوەیە کە لە میللەتە پێشکەوتووەکاندا تاك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەنگ نادات، بەڵکو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و سەرکەوتنی دەوڵەت و نەتەوەکەیدا دەنگ دەدات. بۆ نموونە لە چەند هەفتەی پێشوو سویسرا گشتپرسییەکی ئەنجامدا لەسەر وەرگرتنی مووچەیەکی (٢٥٠٠$) مانگانە بۆ هەر هاووڵاتییەك، بەڵام هاووڵاتیان ئەوەیان ڕەتکردەوە و بەرژەوەندی گشتی و سەرکەوتنی وڵاتیان خستە پێش بەرژەوەندی شەخسیی خۆیان.

ئەمڕۆ جیهان بە گرنگییەوە دەڕوانێتە بڕیار و داخوازی گەلان، بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە: گرنگیی ریفراندۆم بۆ ئێمە چییە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کوردستانییان بە ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن؟

گەلی کورد گەلێکی ستەملێکراوە و خاکی داگیرکراوە و مامەڵەی نامرۆڤانەی لەگەڵ کراوە لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی کە خاکەکەی داگیرکردووە. بە بێ خۆاستی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی دراوە. گەلی کورد بۆ پاراستنی شوناس و ناسنامەی خۆی خاوەن مێژوو و زمان و کەلتووری خۆیەتی، ئێستاش ئەو دەرفەتەی بۆ گەلی کورد رەخساوە، دەرفەتێکی زێڕینە کە بە ڕێگایەکی شارستانییانە گەلی کورد بە جیهان بڵێ: من خەباتم بۆ ئازادی و رزگاری کردووە و ئێستاش شەڕ بو جیهانی ئازادی دەکەم و مافی خۆمە چارەنووسی خۆم دیاری بکەم.

*** ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**



بۆتان بەکر

بەڕێوەبەری داواکاری گشتی و سکرتێری دەستەی مافی گشتیی هەرێم:

# ئەوەی هەڕەشەی تێکدانی ئاسایشی هەرێم بکات، مافی داواکاری گشتییە سکاڵای لەسەر تۆمار بکات

**دامەزراوەی داواکاری گشتی، دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و سەر بە دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستانە. ئەم دامەزراوەیە بەرگری لە مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتیی کوردستان دەکات، هەر بۆیە ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە لەسەر هەر پرسێك کە هەڕەشە بێت بۆ سەر ماف و بەرژەوەندی گشتی، سکاڵا بۆ دادگاکان ببزوێنێت، بۆ ئەوەی دادگا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکات و ڕێوشوێنی یاسایی دژی ئەو کەسە، یان ئەو لایەنە بگرێتەبەر کە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی دروست کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی بەرگریکردن لە مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتیی هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بۆتان بەکر بەڕێوەبەری داواکاری گشتی و سکرتێری دەستەی مافی گشتیی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** دیارە لەناو دامەزراوەی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستاندا چەند دەستەیەك هەیە، یەكێك لەو دەستانە، دەستەی مافی گشتییە، ئایا ئێوە وەك دەستەی مافی گشتی لەناو دامەزراوەی داواکاری گشتیدا، ئەرك و کارەکانتان چییە؟**

- دیارە کاری دەستەی مافی گشتی بەرگریکردنە لە مافی گشتی هاووڵاتیان و دەوڵەت، کاری سەرەکیشمان بریتییە لە بەشێك لە کارەکانی داواکاری گشتی، ئەمەش بەو مانایەی هەر کەسێك، یان هەر لایەك ڕەفتارێك بکات دژی بەرژەوەندی گشتی، ئەوا داواکاری گشتی سکاڵای لەسەر دەبزوێنێت بۆ دادگاکان، بۆ ئەوەی دادگا بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکات و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئەو کەیسانەشی سکاڵای لەسەر دەبزوێنن، دیارە یان ئەوەیە داواکاری گشتی خۆی دەیبینێت و هەست دەکات بەرژەوەندی گشتی پێشێل کراوە، یان خەڵك ڕاستەوخۆ دێت پێمان دەڵێن، تەنانەت مەرج نییە ئەو هەواڵدەرەی دێت و لە پێشێلکارییەك ئاگادارمان دەکاتەوە، ناوی خۆیشی بنووسێت، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە ئەو هەواڵە تۆمار دەکەین، دواتر بەدواداچوونی لەسەر دەکەین، ئەگەر دەرکەوت بەڕاستی ئەو پێشێلکارییە بوونی هەیە، ئەوا سکاڵای لەسەر دەبزوێنین بۆ دادگا بۆ ئەوەی دادگا ڕێوشێونی پێویست دژی ئەو پێشێلکارییە بگرێتەبەر.

*** ئایا دەستەی مافی گشتی تەنیا لە هەولێر هەیە، یان لیژنەی لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش هەیە؟**

- دەستەی مافی گشتی چەند لیژنەیەکی هەیە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئیدارەی گەرمیان کە لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتین، هەر یەك لەو لیژنانە بریتین لە ٣ دادوەر و بەردەوام بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە دەکەن کە دەستەی مافی گشتی بۆیان دەنێرێت. بۆیە کاتێك ئاگادار دەکرێنەوە کە پێشێلکارییەك، یان سەرپێچیەك بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی لە پارێزگایەك هەیە، ئەوا ئێمە هەموو ئەو زانیارییانەی لەبەردەستمانە ڕەوانەی دەکەین بۆ ئەوان، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن و سکاڵای لەسەر ببزوێنن بۆ دادگاکان، بۆیە هەر پرسێك کە پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت، دەبێتە بەشێك لە کارەکانی دەستەی داوای مافی گشتی، تەنانەت لە ناو فەرمانگاکانی هەرێمی کوردستان وەك (وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان) ئەگەر فەرمانبەرێك لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکبهێنرێت، ئەوا داواکاری گشتی لە ڕێگەی دەستەی مافی گشتییەوە دادوەرێك دیاری دەکات بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە بکات کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فەرمانبەرە پێکهاتووە، بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی گشتی بکات، هەروەها ئەو مافە دیاری بکات کە بەر فەرمانگەکە دەکەوێت، یان بەر فەرمانبەرەکە دەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە هەر کێشەیەك، یان ئیشکالیەتێك لە هەر شوێنێك هەبێت و هەڕەشە لەسەر سەقامگیری و تەناهی هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئەوجا سەرچاوەی ئەو هەڕەشەیە کەسێکی ئاسایی بێت، یان لایەنێکی سیاسی، یان سەرکردەیەکی سیاسی بێت، ئەوا داواکاری گشتی بە مافی خۆی دەزانێت داوا لە دژی بەرزبکاتەوە بۆ دادگاکان، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن و ڕێوشوێنی یاسایی خۆی وەربگرێت.

*** وەك ئاماژەت پێکرد، ئەرکی سەرەکی داواکاری گشتی ئەوەیە بۆ بەرگریکردن لە مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتی سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە ببزوێنێت کە دژی ماف و بەرژەوەندی گشتین، ئایا ئەم دامەزراوەیە تا ئێستا توانیویەتی چەند پرس بگەیەنێتە دادگاکان و لە ڕێگەی دادگاوە ئەو مەترسییانە بڕەوێنێتەوە؟**

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ وە تا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ کەیسمان هەبووە کە بەدواداچوونمان لەسەر کردووە و ئەم بەدواداچوونانە لەلایەن دەستەی مافی گشتیەوە ئەنجامدراون، ئەو کەیسانەی کارمان لەسەر کردوون

**لە شەقامەکانی فەرەنسا وێنەی سەرۆک بارزانی هەڵواسراوە و لە ژێر وێنەکەیدا نووسراوە: سەرکردەیەک لە بری هەموو جیهان شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش دەکات، ئێستا کەسایەتی سەرۆک بارزانی لەو ئاستەیە کە هەموو جیهان شانازی پێوە دەکات، تەلەفزیۆنێک هێندە ئاستی نزم بێت، تەشهیر بەم کەسایەتییە جیهانییە بکات، ئەمە کارێکە نابێت لێی بێدەنگ بین و دەبێت سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین**

**بڕیارم داوە وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی سکاڵا لە دژی ئەو راپۆرتەی تەلەفزیۆنی KNN و ئەو پەیامنێرەی ئەو راپۆرتەی ئامادە کردووە بەرزبکەمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەڕاستی مرۆڤ کاتێک سەیری کەناڵی KNN دەکات بێز لە راگەیاندن دەکاتەوە. تەماشا بکە تەلەفزیۆنێکی وەک KNN بگاتە ئەو ئاستە نزمەی تەشهیر بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمە لە کاتێکدا جەنابی سەرۆک بارزانی تەنیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە و بەس، بەڵکو سەرکردەیەکی نێودەوڵەتییە**

**لەوانەیە ئێمە سەدان سکاڵامان لەسەر خەڵک و کەسایەتی دیاری ئەم وڵاتە تۆمار کردبێت کە هەوڵیانداوە بە قسەی سووک و ناشیرین ناوی خەڵک بزڕێنن، بەڵام نەمانداوەتە دەزگاکانی راگەیاندن، بۆیە زۆر جار لەسەر وەزیرەکان، یان پەرلەمانتارەکان کە لە دەزگاکانی راگەیاندن سووکایەتییان پێکراوە و ناویان زڕێنراوە، سکاڵامان تۆمار کردووە، واتە تەشهیر بە هەر کەسێک بکرێت، داواکاری گشتی بە هەقی خۆی دەزانێت سکاڵای لەسەر تۆمار بکات**

هەموویان بەرگریکردن بووە لەسەر مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتی، بۆیە هەر پێشێلکارییەك بۆ سەر یاسا و مافی گشتی هەبێت، داواکاری گشتی بە مافی خۆی دەزانێت سکاڵای لەسەر بەرزبکاتەوە بۆ دادگاکان، بۆ ئەمەش چەندین سکاڵامان بەرزکردۆتەوە و دادگاکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە و رێوشوێنی یاسایی گیراوەتە بەر و رووبەڕووی کێشەی بووینەتەوە، بەڵام داواکاری گشتی سوورە لەسەر ئەوەی کارەکانی بەردەوام بێت.

*** ئێوە ماوەیەك لەمەوپێش، سكاڵایەكتان دژی نەوشیروان مستەفا رێكخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان جوڵاند، پاشان دادگا دەستی كرد بە لێكۆڵینەوە و ئەویش ئامادەی بەردەمی دادگا نەبوو، بۆیە دادگا فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەركرد، لە بەر ئەم سكاڵایەی ئێوە، بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت: ئەمە سكاڵایەكی یاسایی نییە و سیاسییە، ئایا ئەم سكاڵایە سیاسییە، یاخود گوشارێكی سیاسی لە پشتەوە هەیە؟**

- کەیسی سکاڵا لە دژی نەوشیروان مستەفا کەیسێکە ١٠٠٪ یاساییە و هیچ هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوە نییە، پاشان هەر مەسەلەیەك بۆنی هەڕەشەی لێبێت بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری کوردستان، ئەمە ئەرکی سەرەکی داواکاری گشتییە بەرگری لە مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتی بکات. نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر تۆمارێکی دەنگی سکاڵای لەسەر بەرزکراوەتەوە کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکراوەتەوە و لەو تۆمارە دەنگییەدا، لایەنگرانی خۆی لەوە دڵنیادەکاتەوە کە هەر کاتێك بیانەوێت دەتوانن ئاسایش و سەقامگیری کوردستان تێکبدەن و بیخەنە مەترسییەوە، داواکاری گشتی لەو روانگەیەوە سەیری ئەو تۆمارە دەنگییە دەکات، کە ئەمە بانگەشەی سەرۆك حزبێکە بۆ هەوادار و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکەی بەوەی هەر کاتێك بیانەوێت دەتوانن مەترسیی راستەقینە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دروست بکەن. دیارە بزوتنەوەی گۆڕان پێشینەشی هەیە، پێشتر هەڵیکوتاوەتەسەر بارەگای حزبی و سوتاندوویەتی، وەك ئەوەی لە قەڵادزێ بینیمان، بۆیە ئەوە لە تۆمارە دەنگییەکە دەخوێندرێتەوە، ئەگەر بە سووتاندنی بارەگای حزبی و حکوومی سەرکەوتوو نەبووبن، ئاسایش و سەقامگیری کوردستان تێکبدەن، ئەوا ئەمجارەیان بە پەلاماردانی کونسوڵخانە و هێرشکردنەسەر دیپلۆماتکارانی وڵاتان و ئەو کۆمپانیا و دامەزراوە بیانییانەی لە هەولێر بوونیان هەیە، بە ئاسانی دەتوانن ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بخەنە مەترسییەوە، بۆیە لەم روانگەیەوە داواکاری گشتی بە مافی خۆی زانیوە بۆ بەرگریکردن لە مافی گشتی و ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان سکاڵا لە دژی نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دادگا بەرز بکاتەوە، ئەم پرسەش تایبەت نییە تەنیا بە نەوشیروان مستەفا، بەڵکو هەر کەس و لایەنێك، یان رۆژنامەنووسێکیش، بە لێدوان، یان بە وتار ئاماژە بە هەر شتێك بکات کە ببێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی کوردستان، ئەوا داواکاری گشتی بە هەقی خۆی دەزانێت سکاڵای لەسەر تۆمار بکات لە دادگاکان، بۆیە ئەم پرسە ١٠٠٪ یاساییە و گوشاری هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی لەسەر نییە، داواکاری گشتی دامەزراوەیەکی دادوەری سەربەخۆیە و بە شێوەی یاسایی ئیش و کاری خۆی بەڕێوەدەبات.

*** ئایا ئەم بانگەشەیەی گۆڕان کە دەڵێت ئەمە یاسایی نییە و سیاسییە، هیچ ئیشکالیەتێك لەسەر رێوشوێنی یاسایی ئەم سكاڵایە دروست دەكات؟**

- ئەگەر ئەم پرسە یاسایی نییە و وەك خۆیان دەڵێن تۆماری دەنگی بە بەڵگەی سەلمێنەر لەقەڵەم نادرێت، ئەوا دەکرێت رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بێتە بەردەمی دادگا و پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنێت، واتە بۆ دادگا بیسەلمێنێت کە ئەو قسانە هی ئەو نین. کە بڕیاری دەستگیرکردنیشی لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرەوە دەرچووە، لەسەر ئەوە بووە کە ئەو لەبەردەم دادگا ئامادە نەبووە، ئێستاش دەرگا کراوەیە با بێتە بەردەمی دادگا و پێچەوانەی ئەو سکاڵایەی لەسەر تۆمارکراوە، بیسەلمێنێت، لەمەش زیاتر، بزووتنەوەی گۆڕان لەوەتەی دامەزراوە، دروشمی سەرەکی ئەوە بووە کە داوای بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکان و سەروەریی یاسای کردووە، کەواتە کاتێك داوایەکی یاسایی لە دژی جووڵێندراوە، دەبێت پێش هەموو کەس بێنە بەردەم دادگا و ئەوەی کە دەڵێن غەدریان لێکراوە، یان بڕیاری دادگا سیاسییە، نەك یاسایی، با لەبەردەم دادگا ئەو راستییانە بسەلمێنن، نەك هیچ حیسابێك بۆ یاسا و دادگا نەکەن.

*** ئەگەر لە حاڵەتێكدا ئەو هەر ئامادە نەبوو بێتە بەردەم دادگا، ئایا دادگا چۆن ئەم كەیسە یەكلایی دەكاتەوە؟**

- ئەم کەیسە دراوەتە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، دادگا لەسەر بەدواداچوونی خۆی بەردەوام بێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکردووە، بۆیە دادگا لەسەر ئەو کەیسە بەردەوام دەبێت، ئێمەش وەك داواکاری گشتی چاودێری خۆمان دەکەین، لەم حاڵەتەدا، یان دەبێت نوێنەری رێکخەری گشتی لە بەردەم دادگا ئامادەبێت، بۆ ئەوەی دادگا یەکلایی

بکاتەوە، یان ئەگەر نە نوێنەر و نە خۆی ئامادە نەبوون، ئەوا دادگا بە غیابی حوکمی خۆی دەدات و یەکلایی دەکاتەوە.

*** ئاماژەتان بە مەترسی کرد بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری کوردستان، بەڵام ئەمڕۆ جۆرێکی دیکە لە ئیرهابی فیکری هەیە بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی مەعنەوی زۆر کەس، ئایا داواکاری گشتی ئەمە بە دژی مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتی نازانێت؟**

- ئەم پرسیارەی ئێوە پێوەندی بە شێوازی کاری ئەم دامەزراوەیەوە هەیە، بەوەی کاری خۆمان دەکەین و زۆر کەم لێدوان، یان دیمانە لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن دەکەین، ئەمجارە کە ئەم سکاڵایەی دژی نەوشیروان مستەفا لە هۆیەکانی راگەیاندن بڵاو بووەوە، لەبەر ئەوە بوو سکاڵاکە دژی کەسایەتییەکی دیاری کوردستان بوو، بۆیە بووە بابەتی هۆیەکانی راگەیاندن، بەڵام هەر لەسەر ئەم بوارە لەوانەیە ئێمە سەدان سکاڵامان لەسەر خەڵك و کەسایەتی دیاری ئەم وڵاتە تۆمار کردبێت کە هەوڵیانداوە بە قسەی سووك و ناشیرین ناوی خەڵك بزڕێنن، بەڵام نەمانداوەتە دەزگاکانی راگەیاندن، بۆیە زۆر جار لەسەر وەزیرەکان، یان پەرلەمانتارەکان کە لە دەزگاکانی راگەیاندن سووکایەتییان پێکراوە و ناویان زڕێنراوە، سکاڵامان تۆمار کردووە، واتە تەشهیر بە هەر کەسێك بکرێت، داواکاری گشتی بە هەقی خۆی دەزانێت سکاڵای لەسەر تۆمار بکات.

*** بەڵام لە چەند رۆژی رابردوو تەلەفزیۆنی KNN، شاڵاوێکی گەورەی کردە سەر کەسایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئایا هیچ بەدواداچوونتان لەسەر ئەم پرسە کردووە؟**

- حەزدەکەم پێش وەڵامدانەوەی راستەوخۆم بۆ پرسیارەکەتان، چەند شتێك بخەمە بەرچاو. پێش هەموو شت بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی داوای کردووە کەس لەسەر ئەم پرسە وەڵامدانەوەی نەبێت، لە هەمانکاتدا جیا لەوەی کە من سکرتێری دەستەی مافی گشتیم لە دامەزراوەی داواکاری گشتی، سەبارەت بەو شاڵاوەی تەلەفزیۆنی KNN، بڕیارم داوە وەك هاووڵاتییەکی ئاسایی سکاڵا لە دژی ئەو راپۆرتەی تەلەفزیۆنی KNN و ئەو پەیامنێرەی ئەو راپۆرتەی ئامادە کردووە بەرزبکەمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەڕاستی مرۆڤ کاتێك سەیری کەناڵی KNN دەکات بێز لە راگەیاندن دەکاتەوە. تەماشا بکە تەلەفزیۆنێکی وەك KNN بگاتە ئەو ئاستە نزمەی تەشهیر بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمە لە کاتێکدا جەنابی سەرۆك بارزانی تەنیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە و بەس، بەڵکو سەرکردەیەکی نێودەوڵەتییە، ماوەیەك پێش ئێستا لە فەرەنسا بووم، لە شەقامەکانی فەرەنسا وێنەی سەرۆك بارزانی هەڵواسراوە و لە ژێر وێنەکەیدا نووسراوە: سەرکردەیەك لە بری هەموو جیهان شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش دەکات، ئێستا کەسایەتی سەرۆك بارزانی لەو ئاستەیە کە هەموو جیهان شانازی پێوە دەکات، تەلەفزیۆنێك هێندە ئاستی نزم بێت، تەشهیر بەم کەسایەتییە جیهانییە بکات، ئەمە کارێکە نابێت لێی بێدەنگ بین و دەبێت سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین و بەدواداچوونی بۆ بکەین بۆ ئەوەی دادگا بڕیاری خۆی لەبارەوە بدات.

*** بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فەزای کارکردنی میدیای کوردی، ئەم دیاردەیەی تێدا بڵاوە، هەندێك دەڵێن کەموکورتییەکە لە یاسای رۆژنامەگەریدایە، بۆچی داواکاری گشتی داواناکات چاو بە یاسای رۆژنامەگەریدا بخشێندرێتەوە؟**

- لە ئێستادا داواکاری گشتی بەنیازە بە رێگەی هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەندیکای رۆنامەنووسانی کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کارێك بکەن سەندیکای رۆژنامەنووسان خۆیان پرۆژە یاسایەك گەڵاڵە بکەن و ئاراستەی داوکاری گشتی بکەن بۆ ئەوەی داواکاری گشتی نوێنەری خۆی بنرێت و هاوکاری یاساییان پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی هەم مافی رۆژنامەنووسان پارێزراو بێت، هەمیش مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتی.

*** دیارە رۆژنامەنووسانیش پێشێلکاری زۆریان دەرهەق دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە، ئایا بەرگری لە رۆژنامەنووسان دەکەن و سکاڵا لەسەر ئەو لایەنانە تۆمار دەکەن کە مافی رۆژنامەنووسانیش پێشیل دەکەن؟**


- جیا لەو پێشێلکارییانەی کە رۆژنامەنووسان ئاگادارمان دەکەنەوە، داواکاری گشتی داوای لە سەندیکای رۆژنامەنووسان کردووە هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێك لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی دژی رۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێت، ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی بەدواداچوون لەسەر ئەو کەیسانە بکەین کە لەناو راپۆرتی سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە بۆمان دێت، دوای ئەوەی بەدواداچوون دەکەین و پاشان ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکەینەوە، بۆ ئەوەی وەك لایەنی جێبەجێکار رێوشوێنی پێویست بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە بگرێتەبەر کە سکاڵای لەسەر جووڵێنراوە، لەسەر ئەم پرسانەش لێپرسینەوە لەگەڵ چەندین کارمەندی پۆلیس و ئاسایش کراوە کە پێشێلکارییان دژی رۆژنامەنووسان ئەنجامداوە.

**لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ وە تا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ کەیسمان هەبووە کە بەدواداچوونمان لەسەر کردووە و ئەم بەدواداچوونانە لەلایەن دەستەی مافی گشتییەوە ئەنجامدراون، ئەو کەیسانەی کارمان لەسەر کردوون هەموویان بەرگریکردن بووە لەسەر مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتی**

**رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە سەر تۆمارێکی دەنگی سکاڵای لەسەر بەرزکراوەتەوە کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکراوەتەوە و لەو تۆمارە دەنگییەدا، لایەنگرانی خۆی لەوە دڵنیادەکاتەوە کە هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن ئاسایش و سەقامگیری کوردستان تێکبدەن و بیخەنە مەترسییەوە**

**کەیسی سکاڵا لە دژی نەوشیروان مستەفا کەیسێکە ١٠٠٪ یاساییە و هیچ هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوە نییە، پاشان هەر مەسەلەیەک بۆنی هەڕەشەی لێبێت بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری کوردستان، ئەمە ئەرکی سەرەکی داواکاری گشتییە بەرگری لە مافی گشتی و بەرژەوەندی گشتی بکات**

# کوردایەتی و ژیانی ڕۆژانە



**حوسێن کوردنەژاد**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کە باس لە دنیای سیاسەتی باشوور دەکەین بۆ ئاسانکاریی موناقیشە، دەتوانین ئەحزاب بکەینە دوو بەش؛ ئۆپۆزیسیۆن و حیزبی حاکم.
گشت ئەحزاب ڕوانینیان بۆ سیاسەت کەم و زۆر ڕوانینێکی دەوڵەت ناوەند- ئیستێت سێنتریک-ـە،بەو واتایە کە سیاسەت بە دەوڵەتەوە دەست پێدەکات و لە دەوڵەتیشدا خەلاس دەبێت، بۆچوونێکی کۆن و ناکارامە، بەتایبەت ئێستا کە دەوڵەتیشمان نییە، تەرکیزی لەسەر دەسەڵات و حکوومەتی دیفاکتۆیە.
گشت مەیدانەکانی تری ژیانی سیاسی تەریک ماونەوە و جێ سەرنجی جددی ئاکتۆرەکان نین. لە نامەکانی زیندانیدا بیرمەندی دەستپێکی ۱۹۰۰،ئانتۆنیۆ گرامشی باس لە خاڵێك دەکات کە گرنگ و جێی بایەخ و سوودە بۆ ئێمەی کورد لە ئێستای ژیانی سیاسیماندا؛ ئەویش بریتییە لە پرۆسەیەك کە لەوێدا ناوەرۆکی سیاسەت لاواز دەبێت و دادەبەزێت، ئەو کاتەیە کە زانست لە نێو ستراکچەری ئەحزابدا، کز دەبێت و بەیان، ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەکان کورتتر وکورتتر دەبنەوە، کتێب دەبێتە بڵاوکراوە، بڵاوکراوە دەبێتە بەیان،بەیان دەبێتە ڕستە، ڕستە دەبێتە شیعارێکی چەند وشەیی. ئێستا ئەحزابی باشوور خەریکن تووشی ئەم دەردە دەبن و هاوشان لەگەڵ بۆچوونی -دەوڵەت ناوەندی- خۆیان لە جیاتی هێزی چارەسەر و بەڕێوەبەری کۆمەڵگە و دابینکردنی ژیان بن، زۆر جاران دەبنە کۆسپ لە سەر ڕێ ژیانی خەڵك و ڕەوتی گەشەی پرسی وڵات و...! ئەمە جێی مەترسییە و لە شوێنێکدا دەبێ بوستین و بیر بکەینەوە.
پرسیار ئەمەیە کە باشە بیر لە چی بکەینەوە؟ بە مەبەستی دروست بیرکردنەوە دەبێ خۆمان لە ناو کۆنتێکست و بەستێنی ژیانی واقیعدا شی بکەینەوە، دەنا بە بێ ڕەبتی خۆمان لەگەڵ بەستێندا و لەسەر ئەو بنەمایەش دەستنیشانکردنی چاوەڕوانییەکان، ناتوانین سەرەدەری لە بارودۆخ و ڕۆڵی خۆمان دەربێنین.
بەستێنێك کە ئێمە تێداین، بریتییە لەوە کە سەددام نەماوە، بەغدا خۆی لە نێو خۆیدا رووخاوە، چاودێرێکی زۆر دەڵێن عێراق وەك دەوڵەت خەلاس بووە، کورد بوونێکی بەهێزی دیفاکتۆی جێگیر کردووە، لە پرۆسەی ڕەکەبەرایەتی ئەحزابدا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆتە هێزی یەکەم، یەکێتی نیشتمانی لە پێگەی پەنجا بە پەنجاوە بۆتە هێزی دووەم و بزووتنەوەی گۆڕان و ئەحزابی ئیسلامیش بوونەتە هێزی لەو چەشنە کە ناتوانرێ نادەیدەیان بگرن.
کە چاو لە کوالیتی هێزی کاری کوردستان دەکەین بە گوێرەی ئاماری زۆر باشی ساڵی ۲۰۱۱نێزیکەی نیوە زیاتری هێزی کاری کوردستان لە بازاڕی کاردا بوونیان نییە و لەو چل و چەند لە سەدەش کە لە بازاڕی کاری کوردستاندا چالاکن، یان بە دوای کاردا دەگەڕێن، زیاتر لە هەشتا لە سەدیان یان نەخۆێندەوارن، یان هەتا پۆلی شەشیان خوێندووە.
ئەم لاوازیی مێژووییەی سەرمایە مرۆڤییە بێگومان کارتێکەریی هەیە لە سەر کوالیتی سەرمایەی مرۆڤی نێو ئەحزابیشدا، بۆیەشە گوتارەکانیان کورت، توند و زۆر جاران بێ ئانالیزە، دیارە گوتاری لەم چەشنەش ناتوانێ بەننا و کانستراتیڤ بێت، حەتمەن دەبێ تێکدەر و ڕووخێنەر بێت.
سەرەڕای ئەم ڕاستییانە لە نێوان ساڵانی ۲۰۱۱ و

٢٠١٦دا چوارسەد هەزار گەنجی دیکە گەیشتوونەتە تەمەنی کارکردن و بە هێزی کاری وڵات زیاد بوون، ژمارەی خوێندکارانی وڵات کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا پێنج سەد هەزار خۆێندکار بووە، لە ساڵی ٢٠١٦دا بۆتە یەك میلیۆن و هەشت سەد هەزار خوێندکار. ئەگەر بێتوو ئەم دینامیکی گەشەی هێزی کار و گەنجەکانمان لە ژینگەیەکی گونجاودا مەجالی پێشکەوتنی بۆ بڕەخسێنین، دەتوانین جورئەت بە خۆمان بدەین و ئاسۆ و داهاتووی وەك کۆریای باشوور و میللەتانی دیکەی سەرکەوتوو بۆ خۆمان تەرسیم بکەینەوە.

کورد بەتایبەت لە باشووردا لە دووڕییانێکی مێژوویيدايە؛ دەتوانێ خەونی ئازادی و سەربەستی و دەوڵەتی سەربەخۆ و پێشکەوتن و گەشەی وەك کۆریای باشوور و وڵاتانی دیکە ببینێت، دەشتوانێت بە دەرجەی یەکەم بەدەستی خۆی گشت فرسەتەکان لە دەست بدات و بەرەو کۆیلەتی و تاریکی هەنگاو بنێت و لەم ڕەوتە تاریکەدا هێزی بەهێزی تریش هەن کە یارمەتی بدەن تا لە نێو چاڵی تاریکیدا نۆقم ببێتەوە.

عێراق وەك دەوڵەت تەواو بووە، کورد وڵاتی خۆی پاراستووە، سەرەڕای ئەوە کە گشت دەوری ئاگر و وێرانکارییە، هەرچەندە زەربەی گەورەمان لە شنگال وێ کەوت، بەڵام لەم شەڕەدا لە سەرکەوتنداین، لە پرۆسەی بەرگریی لە خۆمان خەریکین دەبینە خاوەن سوپا و ئەرتەشێکی پرۆفیشناڵ کە بۆ چەندین دەهەی دیکە دەتوانێ میللەتی ئێمە بپارێزێت، پێگەی دیپلۆماسی بەهێزمان لە دنیادا وەدست هێناوە و بەرژەوەندیی زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی جیهان لەگەڵ بەرژەوەندی کورد یەکی گرتووە و خاوەن سەرۆکایەتییەکین کە ئیسباتی کردووە دەتوانێ ئەم کاروانە بگەیێنێتە ئامانج و جێ متمانەی سیاسەتی نێودەوڵەتییە، ئەمانە گشتیان لایەنی گەشی بارودۆخی ئێستامانە.

لایەنی لاواز، کوالیتی هێزی کار، ڕەنگدانەوەی ئەم نزمیی ئاستی کوالیتی سەرمایەی مرۆڤییە لە نێو ئەحزابدا، ئەحزاب بە شێوەی سەرەکی لە بەر نەبوونی دەوڵەت و ئورگانەکانی بوونەتە تەنیا میکانیزمی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی تاکەکان- سوسیال موبیلیتی-، هەبوونی دوژمنی ناوچەیی بەهێز و قبووڵنەکردن و پابەندنەبوونی ئەحزاب بە شرووتی یاریی سیاسی گشتی و پێکڕایی، ئەمانە گشتیان لایەنی لاوازی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەن.

بۆیە لە سەر دووڕێیانێکداین، بۆیە دەتوانین لە نێوان داهاتووی گەش و کۆیلەیەتیدا یەکێکیان هەڵبژێرین، بۆیە ئێستا لە سەر بنەمای ئەم دوو ئالترناتیڤە ڕوونەوە، دەتوانین ڕۆژانە بڕیار و کردەوەکانی خۆمان و ئەحزابمان هەڵبسەنگێنین.

وتاری لەم جۆرە داخوا هەر دەبێ وەك نەسیحەتی پیرەپیاوان چاویان لێ بکرێت، یان دەبێ پێشنیاری کردەییش بخاتەڕوو؟ ئەرکی ئەم وتارە یەکەم پێشنیارە بۆ جۆری بیرکردنەوە، جۆری بیرکردنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بڕیار و کردەوەکانی ڕۆژانەمان و هەروەها خستنەڕووی پێشنیاری کردەییە، کە بریتییە لەم خاڵانە:

گشت گەنج و تاکێکی کوردستان لە دەروونی خۆیاندا دەبێ ئەوەی قبووڵ بکەن کە بۆ کوردستانی باشوور ڕێگای گەڕانەوە بە دواوە نەماوە، ئەو ڕێگایە گیراوە، تاریکە و کۆیلەیەتییە وهیچی دیکە نییە.

کە وابوو دەبێ گشت بیرکردنەوەمان تەرخان بکەین بۆ داهاتوو، لە ئێستادا تەنیا ئستاتوسی لێگاڵ و یاسایی بۆ کورد، فیدراڵیزمە لە دەستووری عێراقدا کە ئەگەر جێبەجێ کرابا، ژیانی بۆ کورد دابین دەکرد، ئەو نووسین و ئستاتوسەش ئێستا هەموو لایەنەکان شەپ شەپێنی پێ دەکەن و عێراق خۆی وەك دەوڵەت خەلاس بووە، کە وابوو دەبێ بڕۆین بەرەو دابینکردنی ئستاتوسێکی لێگالیتر، ئەوەش سەربەخۆیی کوردستانە. ئەمەیان ئەرکی ئەم میللەتەیە ئێستا. لەم ڕەوتەدا سەرۆکی هەرێم ئاڵاهەڵگری گوتاری و کردەیی ئەم ستراتیژیەتەیە، هەر جووڵەیەك بۆ لاوازکردنی پێگەی ئەو لە دژی پرۆسەی ڕزگاریی و ئازادیی کوردە.

گشت گەنج و تاکێکی کورد دەبێ ڕۆژانە لە شوێنی ژیانی خۆیاندا بە شێوەیەکی داهێنەرانە کۆببنەوە وبیربکەنەوە کە چمان لە بەردەستە و چمان پێ دەکرێ و بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدار بن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیاندا( وڵاتدا). بەشێکی زۆر لە قەڵەم بەدەستان و کادرەکان دەتوانن خۆیان تەرخان بکەن بە کاری مەیدانی بەننا لە مەکتەب و یارمەتی خۆێندکاران و زۆر شتی تردا. سەرمایەدار و چالاکانی بازاڕ دەتوانن لە شۆێنی ژیانی خۆیاندا کۆببنەوە و هێز و وزەی خۆیان بخەنە سەر یەك و بزانن بە شێوەیەکی داهێنەرانە بیر لەوە بکەنەوە کە چییان پێ دەکرێ، بەم جۆرە دەتوانین بڕۆین بەرەو سەربەخۆیی. لە مەیدانی سیاسیدا دەبێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە مەنتیقی -ئەوەی بە دەستی خۆم نەکرێ حەرامە- خۆمان دووربخەینەوە و لە سەرکەوتن و ژێرکەوتندا حورمەتی هاوکاریی سیاسیی سالم کە بناغەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە بگرین.

**پرۆسەیەک کە لەوێدا ناوەرۆکی سیاسەت لاواز دەبێت و دادەبەزێت، ئەو کاتەیە کە زانست لە نێو ستراکچری ئەحزابدا، کز دەبێت و بەیان، ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەکان کورتتر وکورتتر دەبنەوە، کتێب دەبێتە بڵاوکراوە، بڵاوکراوە دەبێتە بەیان،بەیان دەبێتە رستە، رستە دەبێتە شیعارێکی چەند وشەیی. ئێستا ئەحزابی باشوور خەریکن تووشی ئەم دەردە دەبن**

**کورد بەتایبەت لە باشووردا لە دووڕێیانێکی مێژوویيدايە؛ دەتوانێ خەونی ئازادی و سەربەستی و دەوڵەتی سەربەخۆ و پێشکەوتن و گەشەی وەک کوریای باشوور و وڵاتانی دیکە ببینێت، دەشتوانێت بە دەرجەی یەکەم بەدەستی خۆی گشت فرسەتەکان لە دەست بدات و بەرەو کۆیلەتی و تاریکی هەنگاو بنێت و لەم ڕەوتە تاریکەدا هێزی بەهێزی تریش هەن کە یارمەتی بدەن تا لە نێو چاڵی تاریکیدا نۆقم ببێتەوە**



### گاریس ستانسفیڵد

### گەورە توێژەری چاتام هاوس بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

# ئەگەر عێراق بە یەکگرتوویش بمێنێتەوە دەبێت ببێتە چەند دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی

گاریس ستانسفیڵد پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئێکسیتەر. لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ - ٢٠١٥ بەڕێوەبەری ئامۆژگای دیراساتی عەرەبی و ئیسلامی بووە. لە ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠١٢ توێژەر بووە لە ئامۆژگای چاتام هاوسی شاهانە بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان کە لەو ماوەیەشدا تەرکیزێکی تایبەتی کردۆتە سەر عێراق و کوردستان و کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ و پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.

*** لە ئێستادا باس لە ئامادەکارییەکانی پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ دەکرێت لە دەستی داعش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن ئەو خۆسازدان و ئامادەکارییانە هەڵدەسەنگێنن و ئایا پێتانوایە پێویستە پێشمەرجەکانی کورد و پێشمەرگە بەر لە دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە چی بن؟**

- لە راستیدا پرسەکە ئەوە نییە کەی موسڵ رزگار دەکرێت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە ئەرکێکی لە رادەبەدەر سەخت و دژوار و مەترسیدار دەبێت بۆ هەر هێزێکی سەربازی کە بیەوێت بیگرێتەئەستۆ، لە نێویاندا پێشمەرگە. چونکە ئەگەرچی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە فەللوجە و ئەنبار دەرپەڕێندراوە، بەڵام هێشتا لە موسڵ و حەویجە زۆر بەهێزە، لەبەر ئەوە دەبێت پلانێك لە نێوان پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان و تەنانەت حەشدی شەعبی، هەروەها هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکە هەبێت. هەر کاتێك ئەمە هاتەئاراوە ئەوا پێویستە پێشمەرگە زۆر وریا بێت، لە تاکتیك و پلانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، مەبەستم لە کیلگەکانی مین و نیشانشکێنەکان و بۆمبە چێنراوەکانە، کە بە رێژەیەکی گەورە دانراونەتەوە لە رێگای موسڵ و بۆ بەرگریکردن لە موسڵ، واتە دەبێت لەم رووەوە زۆر زۆر وریا بن. لە دەرئەنجامی ئەو کێشانەدا پێویستە مەشق بە پێشمەرگە بکرێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بۆمبی چێنراو بەتایبەتی، هەروەها لەگەڵ کێڵگەکانی مین، کەواتە پێویستە پێشمەرگە شارەزایی و کارامەیی لەو بوارانەدا بەدەست بهێنێت. بە بۆچوونی من هەر کاتێك دەوڵەتی ئیسلامی لە رووی سەربازییەوە تێکشکێندرا، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا پەنا دەباتە بەر شەڕێکی نایەکسان، واتە پەنا دەباتەوە بۆ شەڕی تیرۆریستی، لەبەر ئەوە هەر کاتێك پێشمەرگە و هێزە هاوپەیمانەکان لە موسڵدا بن، ئەوا مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت، بکرێنە ئامانجی شەڕێکی نایەکسان (asymmetrical warfare) و بکەونەبەر هێرش و پەلاماری تیرۆریستی، وەك رفاندن و کەوتنەبەر بۆمبی سەر رێگاکان و کوژرانیان بە دەستی نیشانەشکێنەکان، واتە بگەڕێینەوە بۆ رۆژگاری ئەبو موسعەب زەرقاوی و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی کوشتنی کەسانێك بە جلی پرتەقاڵییەوە. ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورە دەبێت کە رووبەڕوویان دەبێتەوە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەو هێرش و پەلامارە تیرۆریستییانە بگوازرێنەوە بۆ هەولێر و سلێمانی و کەرکووك، ئەمەش ئەگەرێکی راستەقینەیە. کێشەیەکی مەترسیدارتر کە دواتر سەرهەڵدەدات، چۆنیەتی ئیدارەدانی موسڵ و حەویجە و تەلعفەر و شوێنە داگیرکراوەکانی دیکەیە، لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە. چونکە ئەمانە ناوچەگەلێکی عەرەبنشین و تورکمان نشین و سوننە مەزهەبن و بە شێوەیەکی تەقلیدی دژ بە کورد و دژ بە شیعە و دژ بە ئەمەریکان، خۆ ئەگەر پێشمەرگەش وریا نەبێت، ئەوا وەك هێزێکی دەرەکی و داگیرکەر لێی دەڕوانرێت و دەکرێنە ئامانج نەك تەنیا لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە، بەڵکو لە لایەن بزووتنەوەی موقاوەمەی ناو موسڵیشەوە، ئەمەش زۆر زۆر مەترسیدارە. هەندێ بەدواداچوون کراوە و پرسیاری ئەوە کراوە لە خەڵکی ناو موسڵ چۆن لە هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی دەڕوانن، وەڵامی ئەوان ئەوە بووە کە ئەوان وەك هێزێکی دەرەکی و داگیرکەر سەیریان دەکەن کە بوونیان کاریگەری زۆر خراپی دەبێت لە سەر خەڵکی موسڵ، ئەوەش گرنگ نییە ئەم تێڕوانینە راستە، یان نا، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە بوونی هەیە و مەترسیداریشە. کەواتە دەبێت سەرکردایەتی پێشمەرگە پلانێکی زۆر روون و ئاشکرای هەبێت بۆ دوای شەڕەکە و بۆ چۆنیەتی سەقامگیرکردنەوەی موسڵ و چۆنیەتی گەڕاندنەوەی یاسا و نیزام و دەبێت زۆر وریا بن کە وەك کەسانێکی دادپەروەر لێیان بڕوانرێت لە کاتی ئیدارەداندا و هەروەها لە ئیدارەدانی سیستمی قەزائی لە دوای شەڕەکەوە و بەڕێوەبردنی زیندانەکان و کار بکەن بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دابین بکرێن و بەرەوپێش بچن و لیژنەی راستی و ئاشتەوایی بخرێتەکار و بە کراوەیی و شەفافییەت و ئازادانە کارەکانی ئەنجام بدات. لە هەمان کاتدا ئاسایش بە چەشنێك دەستەبەر بکرێت کە رێگری لە هێرشی داعش و بزووتنەوەی نەقشبەندییەکان و ئەنسارولئیسلام بکەن، لە راستیدا ئەمەش کەش و ژینگەیەکی بێئەندازە سەختە کە کاری تێدا بکەیت. رەنگە ئەمە سەختترین شەڕێك بووبێت کە تا ئێستا پێشمەرگە ئەنجامی دابێت.

*** لە حاڵەتی رزگاکردنەوەی موسڵ و رەققەدا، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە شیعە و سوننە بە ئاشتییانە پێکەوەبژین؟ ئایا پێویست ناکات هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پلانی هەبێت، بۆ موسڵی دوای داعش و بۆ رێگەگرتن لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ئەو کێشە و مەترسییانە، یاخود ئایا ئەم پلانەیان هەیە؟**

- من پێموانییە پلانێکی ئاوایان هەبێت، بە باوەڕی من دوای ئەوەی شیعە و سوننە خەڵکانێکی زۆریان لە یەکتری کوشت و دوای ئەوەی تاوانگەلێکی گەورەیان لە دژی یەکتر ئەنجام دا، ئەوا گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی لە دوای داعشەوە بۆ

**کوردستان رووبەڕووی چەندین کێشە بۆتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین ئەگەر و دەرفەتیشی لەبەردەمدایە، بەڵام ئەوەی کوردستان سوود لەو دەرفەتانە وەربگرێت، ئیدی بە هەنگاونان بێت بەرەو سەربەخۆیی، یان بە مانەوە بێت لە عێراقدا، ئەوا دەبێت نێوماڵی خۆی رێکبخاتەوە و پێویستی بە دووبارە پێناسەکردنەوەی سیاسەتی ناوخۆیی هەیە**

**دوای ماوەیەکی زۆر لە پێوەندی نادۆستانە لەگەڵ بەغدا، سەختە بەغدا ببێتە ئەو دۆستەی کە کاری لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لەوانەیە هیچ لایەنێکی دیکە نابێت کە زیاتر لە بەغدا و زیاتر لە حکومەتی عەببادی لە دۆخی دوای دەوڵەتی ئیسلامی هاوکاری کوردستان بکات**

**ئێستا وڵاتانی ئەورووپی بە چەندین مەسەلەی دیکەوە سەرقاڵن، وەک دەنگدانی بەریتانیا لەسەر جیابوونەوەی لە یەکێتی ئەورووپا، لەبەر ئەوە تەرکیزی ئەورووپییەکان لە سەر عێراق و لە سەر دەوڵەتی ئیسلامی نابێت، بەڵکو لە سەر ئیدارەدانی کێشەکانی یەکێتی ئەورووپا دەبێت**

**دوای ئەوەی شیعە و سوننە خەڵکانێکی زۆریان لە یەکتری کوشت و دوای ئەوەی تاوانگەلێکی گەورەیان لە دژی یەکتر ئەنجام دا، ئەوا گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سیاسی لە دوای داعشەوە بۆ پێکەوەهێشتنەوەی سوننە و شیعە لە شارێکدا زیاتر لە خۆزگە و تەمەننایەک دەچێت و بنەمایەکی عەقڵانی و واقیعی نییە**

**کێشەیەکی مەترسیدارتر کە دواتر سەرهەڵدەدات، چۆنیەتی ئیدارەدانی موسڵ و حەویجە و تەلعفەر و شوێنە داگیرکراوەکانی دیکەیە، لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە. چونکە ئەمانە ناوچەگەلێکی عەرەب نشین و تورکمان نشین و سوننە مەزهەبن و بە شێوەیەکی تەقلیدی دژ بە کورد و دژ بە شیعە و دژ بە ئەمەریکان، خۆ ئەگەر پێشمەرگەش وریا نەبێت، ئەوا وەک هێزێکی دەرەکی و داگیرکەر لێی دەڕوانرێت و دەکرێنە ئامانج نەک تەنیا لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە، بەڵکو لە لایەن بزووتنەوەی موقاوەمەی ناو موسڵیشەوە، ئەمەش زۆر زۆر مەترسیدارە**

پێکەوەهێشتنەوەی سوننە و شیعە لە شارێکدا زیاتر لە خۆزگە و تەمەننایەك دەچێت و بنەمایەکی عەقڵانی و واقیعی نییە و پشتئەستور نییە بە بەڵگە. چونکە ئێستا ئەوە بەدی دەیکەن کە ئەوان جیابوونەتەوە و ئەمەش ئایندەی عێراقە، خۆ ئەگەر بێتو عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا لە شێوەی کۆنفیدراڵیدا دەبێت. ئەمەش ئەو پرسەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی قسەی لە بارەوە دەکات. ئەمەش جێگەی مشتومڕە، چونکە شیعەکان لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا نین، هەروەها سوننەکانیش، لەبەر ئەوە ئەگەر خوازیاری ئەوە بیت عێراق پێکەوە بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت بە شێوەی کۆنفیدراڵی بێت، بەڵام ئەمەش کێشەی هەیە، کەواتە بیرۆکەیەکی باش نییە بۆ ئیدارەدانی ئەم دۆخە.

*** بە پێی مەزندە و پێشبینییەکان لە پرۆسەی رزگارکردنەوەی شاری موسڵدا پتر لە ٥٠٠ هەزار کەس لەو شارە ئاوارە دەبن و روودەکەنە هەرێمی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە کە هاوکاری هەرێمی کوردستان بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئیدارەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان بکات و داڵدەیان بدات؟**

- پێموایە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیعتیراف بەوە بکات کە هەرێمی کوردستان نەك هەر لە بەرەی پێشەوەی شەڕ دژ بە داعش، بەڵکو لە بەرەی پێشەوەی لە ئەستۆگرتنی ئەرکە ئینسانییەکەشە کە لەو شەڕە دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە پشتیوانی بکەن و هاوکاری بۆ ئاوارەکان دەستەبەر بکەن و پاڵپشتی ئابووریيان بکەن، کە من پێموایە ئەم کارەیان نەکردووە و ناشیکەن، ئێستا وڵاتانی ئەوروپی بە چەندین مەسەلەی دیکەوە سەرقاڵن، وەك دەنگدانی بەریتانیا لەسەر جیابوونەوەی لە یەکێتی ئەوروپا، لەبەر ئەوە تەرکیزی ئەوروپییەکان لە سەر عێراق و لە سەر دەوڵەتی ئیسلامی نابێت، بەڵکو لە سەر ئیدارەدانی کێشەکانی یەکێتی ئەوروپا دەبێت. لە ئەمەریکاش تەرکیزەکە لەسەر تێکشکاندنی داعشە، نەك چۆنیەتی هاوکاریکردنی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانە. نیگەرانی من لەوەدایە کە کوردستان لە دەرئەنجامی سەرکەوتن لە موسڵدا زیان بکات، واتە رەنگە گەورەترین هاوپەیمان و دۆستی کورد لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە لە موسڵ کاری لەگەڵدا بکات، بەغدا بێت، ئەمەش دۆخێکی تاڵ دەبێت بۆ سەرکردایەتی کوردستان، لەبەر ئەوەی دوای ماوەیەکی زۆر لە پێوەندی نادۆستانە لەگەڵ بەغدا، سەختە بەغدا ببێتە ئەو دۆستەی کە کاری لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لەوانەیە هیچ لایەنێکی دیکە نابێت کە زیاتر لە بەغدا و زیاتر لە حکومەتی عەببادی لە دۆخی دوای دەوڵەتی ئیسلامی هاوکاری کوردستان بکات. بۆ ئەوەی ئەمە رووبدات، ئەوا دەبێت هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان پێوەندی نوێ لەگەڵ بەغدا گرێ بدەن، دوای ئەوەی پێوەندیگەلێکی نزیکیان لەگەڵ ئەنقەرەدا دروست کرد.

*** نەبوونی ستراتیژیەتێکی هاوبەش لە نێوان رۆژئاوا و رووسیادا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زەمینەی خۆشکردووە بۆ هێزە ئیقلیمیەکانی وەك سعودیە و تورکیا و ئێران بۆ ئەوەی هەنگاوەکانیان خێراتر بکەن و جێی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بگرنەوە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت هەر کاتێك هێزە گەورەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بکەونەوە، ئەوا ئەم وڵاتانە دەبنە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئاسایش و ئاشتی جیهانی، کەواتە تا چ رادەیەك نەبوونی ئەم ستراتیژیەتە هاوبەشە لە نێوان هێزە مەزنەکاندا سەردەکێشێت بۆ کۆتایی هاتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- من نازانم کۆتایی پێدەهێنێت یان نا، بەڵام ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، کە هێزە ئیقلیمیەکان دەستڕۆیشتویی زیاتریان هەبێت، بەڵام ئەمەریکا و ئەوروپا و رووسیا بە تەواوەتی لەم ناوچەیە دانابڕێن، بەڵکو بە شێوەیەکی هەلپەرستانە وەك ئامرازێك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکار دەهێنن و ئەمەش دەبێتە هۆی خراپبوونی زیاتری بارودۆخەکە، تەنانەت خراپتر لەو هەل و مەرجەی لە سەدەی بیستدا لە ئارادا بوو.

*** ئەگەر بوونی داعش و ئەو شەڕە ئایینییەی لە نێوان سوننە و شیعەدا دەگوزەرێت، بەراورد بکەین بە شەڕی ئایینی سی ساڵە لە ئەوروپا، ئەوا ئاشکرایە کە شەڕی سی ساڵەی ئەوروپا بە دووبارە دارشتنەوەی سنوورەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی هات، کەواتە ئایا پێتانوایە کە چارەسەرکردنی کێشەی داعش و کۆتاییهێنان بە ململانێی نێوان شیعە و سوننە ئەوە فەرزدەکات کە دووبارە دەست بکرێت بە دارشتنەوەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە شێوەیەك کە خەونە نەتەوەییەکانی گەلانی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت؟**

- ئەو بارودۆخەی ئەو کاتە لە ئارادا بوو لە ئەوروپادا، جیاوازە لەو هەل و مەرجەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، چونکە لە ئەوروپادا بەو ئەندازەیەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستێوەردانی دەرەکی و بەکارهێنانی لایەنگەلێك وەك




-وەکیلی هێزە دەرەکییەکان- بوونی نەبوو، هەروەها ئەورووپا لە قۆناغێکی جیاوازتری گەشەی سیاسی و ئابووریدا بوو. لەبەر ئەوە زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە ئەو پەرەسەندنانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێن بە دەرئەنجامێکی هاوشێوەی سیستمی ویستڤالیا –سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی- کۆتایی پێبێت.

*** ئایا پێتوایە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا کاریگەری هەبێت لەسەر رەوشی ناوچەکە بەگشتی و پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی؟**

- ڕەنگە، ئەویش بوەستێتەسەر ئەوەی ئایا کورد ریفراندۆم لە مانگی ئەیلوول، یان تشرینی یەکەمدا ئەنجام دەدەن، کە رەنگە ئەمەریکاش هیچ شتێکی لەبارەوە نەڵێت، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست سەربەخۆبوونی کورددا روونەداوە، چونکە هێشتا بەرهەڵستی دەکەن و باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن و من ناڵێم سەرۆك کلینتۆن، یان ترامپ سیاسەتێکی جیاوازتر دەگرنەبەر بە بەراورد بە سیاسەتەکەی ئۆباما.

*** دوا وتە و پەیامتان بۆ کوردستانییەکان چییە؟**

لە راستیدا کوردستان رووبەڕووی چەندین کێشە بۆتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین ئەگەر و دەرفەتیشی لەبەردەمدایە، بەڵام ئەوەی کوردستان سوود لەو دەرفەتانە وەربگرێت، ئیدی بە هەنگاونان بێت بەرەو سەربەخۆیی، یان بە مانەوە بێت لە عێراقدا، ئەوا دەبێت نێوماڵی خۆی رێکبخاتەوە و پێویستی بە دووبارە پێناسەکردنەوەی سیاسەتی ناوخۆیی هەیە، پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی ئابوورییە ناوخۆییەکەی هەیە و دەست لە سیاسەتی سەدەی بیست هەڵگرێت و سیاسەتێکی نوێ بگرێتەبەر کە درێژخایەنتر و شەفافتر و پێشکەوتووتر بێت، ئەگەرنا کوردستان ناسەقامگیر دەبێت، لە بری ئەوەی بەرەوپێش بچێت.

**ئەگەرچی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە فەللوجە و ئەنبار دەرپەڕێندراوە، بەڵام هێشتا لە موسڵ و حەویجە زۆر بەهێزە، لەبەر ئەوە دەبێت پلانێک لە نێوان پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان و تەنانەت حەشدی شەعبی هەروەها هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکە هەبێت**

# ڕاگەیاندنی دەوڵەت یان بنیادنانی دەوڵەت



نەریمان تالیب
بۆ گوڵان نووسیویەتی

فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبێکیدا بە ناوی «بنیادنانی دەوڵەت»، نووسیوێتی: «جەوهەری دەوڵەت بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ سەپاندنی بڕیارەکانی لە ڕێگەی هێزەوە». ئاماژەی بە پێویست بوونی چەندین هۆکار داوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، لەوانە بنیادنانی دەزگەی نوێی حکومەتی. ئەمەی بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەت زانیوە. لەمەش زیاتر فۆکۆیاما سێ کوچکەی دەوڵەت بە شەرعییەتی بەکارهێنانی هێز و سەروەریی یاسا و بەرپرسیاریەتی دیموکراتی گرێ دەداتەوە، ئەمەش بەو مانایەی هێز و سەروەریی یاسا و بەرپرسیاریەتی دیموکراتی دەبنە هەوێنی هەڵسووڕاندێکی باشی دامەزراوەکان.

ناچارم هەر پەنا بۆ ئەو کتێبە ببەم کە تیایدا هاتووە: لە پاش بەسەرچوونی (دەوڵەتی نەتەوەییەوە)، ئایا لەسەر ئاستی جیهان سەرچاوە بۆ شەرعییەت چییە؟ ئەمریکییەکان دەڵێن: پرانسیپەکانی لیبراڵیزمە، ئەورووپییەکانیش پرسیاری ئەوە دەکەن: کێیە کە لە دەوڵەتەکەدا، هێزی جێبەجێکردنی بەدەستەوەیە؟

لە هەرێمی کوردستان دەزگای فەرمیمان هەیە، بەڵام تا چەند توانیومانە پرانسیپەکانی لیبراڵیزم پەیڕەو بکەین. ئەوە بۆ خۆی پرسیارێکی قورسە. بەڵام خۆشبەختانە سەرۆکێکی بەهێزمان هەیە. کە مسعود بارزانی-یە و دەبێت خۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بگرێتەدەست و لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا، هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکان کارا بکاتەوە. چۆن و بۆچی؟

لە هونەری بنیادنانی دەوڵەتدا پێکهاتەی سەرەکی بۆ دەسەڵاتی نەتەوایەتی (سەرکردەی کاریزما و هێز) تەواو گرنگە. دەسەڵاتێکی وا کە بتوانێت لە پێناوی پاراستنی سیستیمی جیهانیدا، هێزێکی سەربازی هەبێت و بتوانێت لەسەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنت و خاکی وڵاتەکە بپارێزێت. ئێمە هێزێکی وامان هەیە و ناوی پێشمەرگەیە، کە ئەوە بۆ ئێستای جیهانی سەدەی بیست و یەکەم هۆکارێکی زۆر گرنگە.

لێرەدا دەست لە قسەکانی فۆکۆیاما هەڵدەگرم و لە دوا رستەیەوە دێمە سەر چیرۆکی دروستکردنی دەوڵەت لە باشووری کوردستان، ئەو هێزەی کە فۆکۆیاما باسی دەکات. ئێمە هەمانە و ناوی «هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانە». بۆ خۆشبەختیمان ئەمڕۆ شەڕی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەکات. کە لە پاش بڕانەوەی شەڕی سارد، تیرۆر سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ سەر سیستمی نوێی جیهانی، کە خودی دەوڵەتە نەتەوەییە شکستخواردووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا لانەی دەرکەوتنی ئەو تیرۆرە بووون. کەواتە ئەو دەوڵەتە شکستخواردووانە هەڵدەوەشێنەوە، کە لەوانەیە یەکێك لەوانە عێراق بێت. ئەمەش باشە. بەڵام هێزی پێشمەرگە کە بە سەرکەوتنی بە سەر تیرۆریستانی داعشدا، وێنەیەکی جوانی پیشانی جیهان داوە، باشترە

ئەم هێزە یەکگرتوو بێت، وەك سوپای بەرگریی کوردستان، بۆیە هێزی پێشمەرگە بەو حاڵەی ئێستایەوە ناتوانێت هێزێکی یەکگرتوو بێت بۆ دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکەی کورد. لەلایەکی دیکەوە سەرکردەیەکیش هەیە کە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە باشووری کوردستان پرۆژەیەکی هەیە. ئەمە بەڵگەیە بۆ پێشکەوتنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوایەتی ئەم سەرکردەیە. بەڵگەیە بۆ ئەوەی بارزانی چەند هەنگاوێك لە پێش هەموو ئەو سەرکردە سیاسییانەی دیکەی هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوەیە کە وەك بارزانی داوای دەوڵەتی کوردستان ناکەن، یان هەندێکیان بە بیانووی جۆراوجۆر، داوا و پرۆژەی دیکە بە زەروورتر دەزانن و پێشتری دەخەن.

چونکە داواکردنی دەوڵەت جۆرە هەستێکی باڵای رۆحی دەوێت (وەك هیگل باسی دەکات). هەموو سەرکردەیەك ناتوانێت پێی بگات. مسعود بارزانی بەو هەستە باڵا رۆحییە گەیشتووە. دەتوانین لە قسە و وتارەکانیەوە هەست بەمە بکەین، دەشتوانین بزانین کە لەو مەسەلەیەدا هەست بە دوودڵییش ناکات. بەڵام دەبێت دوو پرۆسە لە یەك جیابکەینەوە. یەکەمیان: راگەیاندنی دەوڵەتە، دووەمیان بنیادنانی دەوڵەتە. کە دەبێت پرۆسەی دووەمیان پێش یەکەمیان بکەوێت. بەڵام لە باشووری کوردستان نابێت پرۆسەی خۆحازرکردن بۆ راگەیاندنی دەوڵەت، پێش پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت بکەوێت. زۆر گرنگە سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی بیانووی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان ببڕێت و چیدی نەبنە کۆسپ لە بەردەم بنیادنان و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان. پرۆسەی بنیادنانی ئەو دەوڵەتە خێراتر بکات.

خۆ راستە وەك بین گۆریۆن (یەکێك لە بونیادنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل) دەڵێت: «بوونی دەوڵەت لە نەبوونی باشترە»، بەڵام قسەکەی ئەو لە بەرانبەر میللەت، یان گەلێکدا بوو. کە هەموویان بە یەك ریز ئامادەبوون بەرگری لە مانەوەی ئەو دەوڵەتە بکەن. بەڵام کێشەی ئێمە لە باشووری کوردستان، ئەوەیە کە هێشتا نەمانتوانیوە —یەك گەل— یەك میللەتی و یەك قسە بنیاد بنێین. (یەك قسە لەسەر راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ) کە میللەتێکی یەکگرتوو جەوهەرێکی دیکەی بنیادنانی دەوڵەتە. ئەزموونەکانی مێژووش پێمان دەڵێن میللەت، یان نەتەوە بە دوو رێگە یەکگرتوو دەکرێت، یەکەمیان سەرکردەیەك دەتوانێت لە دەوری کۆمەڵێك ئامانج و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی میللەتەکەی کۆبکاتەوە، رێگەی دووەمیش سەرکردەیەك بۆ یەکگرتنی میللەتەکەی هێز بەکاربهێنێت.

نەبوونی میللەتێکی یەکدەست و یەك قسە بەهێزترین کۆسپی بەردەم پرۆژەی بنیادنانی دەوڵەتە. ئەوەش لە کۆمەڵگەیەکدا کە حزب تیایدا بەهێزترین ماشێنی هەڵسووڕاندنی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان و مرۆڤەکانێتی.

لە دوایین پەیامیدا کە رۆژی ٢٣-٦-٢٠١٦ راگەیاندرا، سەرۆك مسعود بارزانی داوای یەکگرتوویی و یەکریزی لە هەموو هێزە سیاسییەکان کرد بە ئامانجی سەرخستنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی. بەڵام ئایا هێشتا گرنتی ئەوە هەیە پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە پشتیوانیکردنی ئەو پرۆژەیە یەك قسە بن. کە دیارە ئەوە کاری زیاتری دەوێت.

لە باشووری کوردستان (حزب) وەك دەزگایەك بۆ خڕکردنەوەی خەڵك و دەنگەکانیان سەنتەرێکی کاریگەرە. بە جۆرێك هێشتا دەتوانن کۆمەڵگە دابەش بکەن (تەنانەت لەسەر راگەیاندنی دەوڵەتیش). لەبەر ئەوەیە سەرۆك بارزانی پێویستی بەوە هەیە کە لە رێگەی حزبەکانەوە میللەتەکەی یەکبخات. چونکە یەکخستنی ئەوان بەشێکە لە بنیادنانی دەوڵەتەکە. ئەوەش راستە کارێکی ئاسان نییە. چونکە دەزگەی حزب بۆ خۆی مۆرکێکی خۆ جیاکردنەوە و بەرژەوەندی تایبەتی هەیە. ململانێ سیاسییەکانی ئەو پارتە سیاسییانەش وایانکردووە، بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و ئامانجی باڵای نەتەوەییش سنوورەکانی دیار نەبێت. کە لەمەودوا دەبێت دیار بێت.


چونکە ئەگەر میللەتێکی یەکگرتووت نەبێت، دەوڵەتەکە چۆن دەتوانێت بڕیارەکانی بسەپێنێت؟ ئەگەر میللەت یەك قسە نەبێت، دەزگەکانی ئەو دەوڵەتە و دەسەڵاتی دادوەریی ئەو دەوڵەتە چۆن دەتوانێت شەرعییەتی خۆی بخاتە دڵی تەواوی کۆمەڵگەکەوە؟ بەلام فۆکۆیاما دەڵێت:»جەوهەری دەوڵەت بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ سەپاندنی بڕیارەکانی لە رێگەی هێزەوە.»

بەڵام گەلی کوردستان لەگەڵ بەکارهێنانی هێز و شەڕی ناوخۆ، مێژوویەکی تاڵی هەیە. کە هیچ کەس خوازیاری دووبارەبوونەوەی نییە. بەتایبەت لای سەرکردەیەکی وەك مسعود بارزانی. چونکە بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەکە و لەسەر ئاستی جیهانیش بە سەرکردەیەکی ئاشتیخواز ناسراوە، کەواتە بۆ سەرخستنی پرۆژەی دەوڵەتی کوردی و بۆ یەکخستنی گوتار و قسەی میللەتی کورد، دەبێت بارزانی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا بگاتە رێککەوتن، تا تەواوی هێزە سیاسییەکان لە دەوری ئامانج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان کۆبکاتەوە. کە ئەمەش لە پەیامەکەی ٢٣ی ٦ی ٢٠١٦ تەواو رەنگی داوەتەوە.

**لە هونەری بنیادنانی دەوڵەتدا پێکهاتەی سەرەکی بۆ دەسەڵاتی نەتەوایەتی (سەرکردەی کاریزما و هێز) تەواو گرنگە. دەسەڵاتێکی وا کە بتوانێت لە پێناوی پاراستنی سیستیمی جیهانیدا، هێزێکی سەربازی هەبێت و بتوانێت لەسەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنێت و خاکی وڵاتەکە بپارێزێت**

**لە باشووری کوردستان نابێت پرۆسەی خۆحازرکردن بۆ راگەیاندنی دەوڵەت، پێش پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت بکەوێت. زۆر گرنگە سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی بیانووی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان ببڕێت و چیدی نەبنە کۆسپ لە بەردەم بنیادنان و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان. پرۆسەی بنیادنانی ئەو دەوڵەتە خێراتر بکات**

**گەلی کوردستان لەگەڵ بەکارهێنانی هێز و شەڕی ناوخۆ، مێژوویەکی تاڵی هەیە. کە هیچ کەس خوازیاری دووبارەبوونەوەی نییە. بەتایبەت لای سەرکردەیەکی وەك مسعود بارزانی. چونکە بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەکە و لەسەر ئاستی جیهانیش بە سەرکردەیەکی ئاشتیخواز ناسراوە**




دوای ئەوەی یەکێتی ئەوروپا گەیشتە ئەوەی دراوی یۆرۆ بکاتە دراوی یەکگرتووی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، شنگن سنووری نێوان دەوڵەتانی ناو ئەو یەکێتییە بسڕێتەوە، گەلێك لە توێژەران و پسپۆڕانی بواری زانستی سیاسەت قەنەعەتیان بەوجۆرە وەرچەرخابوو کە ئیدی باوی دەوڵەتی نەتەوەیی (Nation State) بەسەرچووە و جیهان بیر لە حکومەتی گلۆباڵی، یان فیدراسیۆنی هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا دەکاتەوە، ئەم وەرچەرخانە لەسەر ئەو بنەمایە بیری لێکرابووە بەوەی گوایە ئەگەر ئاستی ئابووری و داهاتی ساڵانەی تاکەکەس بەرزبووەوە، ئیدی خەڵکی بیر لە دەوڵەتی نەتەوەیی ناکاتەوە و هەستی نەتەوەیی بە ئاستێك کاڵ دەبێتەوە کە فیدراسیۆن جێگەی دەگرێتەوە، هەر لەسەر ئەم تێڕوانینە تیۆرییەی کە چەندین ساڵە وەك بناخەیەکی نوێ بۆ تێڕوانین لە دەوڵەتی نەتەوەیی ئاماژەی پێدەکرێت، بیرۆکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ هاتەئاراوە، ئەمەش بەو نیازەی کە بتوانرێت مۆدیلی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکرێتەوە، سەبارەت بەم بۆچوونە، شیمون پێرز سەرۆکی پێشووی ئیسرائیل لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ) ئەم بیرۆکەیەی بە سەرەتای کۆتاییهاتنی شەڕ و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف کردووە و وەك

## بەڵێی بەریتانییەکان بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا

# سەلماندی سەروەریی نەتەوەیی لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە

«جیابوونەوەی بەریتانیا لە ئەورووپا دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەریتانیا رووبەڕووی کاریگەری ئابووری خراپ ببێتەوە و گورزێک بەر تێکڕای داهاتی نیشتمانی بکەوێت، ئەمەش واتە بەریتانیا لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپا دەوڵەمەندتر بوو، وەک لە دەرەوەی یەکێتییەکە، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لە سەر رۆڵی ئیقلیمی و جیهانیی بەریتانیا دەبێت، هەروەها سەرچاوەگەلێکی کەمتری لەبەردەستدا دەبێت بۆ تەرخانکردنیان بۆ بوارەکانی سیاسەتی دەرەکی و بەرگری. هەروەها یەکێک لە کاریگەرییە خراپەکانی لە سەر ئەمەریکا ئەوەیە کە دەستڕۆیشتوویی و نفوزی ئەمەریکا لە ئەورووپادا کەم دەبێتەوە. چونکە راستە واشنتۆن و لەندەن لەسەر هەموو شتێک هاوڕان نین، بەڵام پانتایی هاوڕابوونی ئەم دوو پایتەختە زیاترە لە پانتایی جیاوازییەکانیان. بەو پێیە دەرچوونی بەریتانیا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەورووپا پتر لە ئەمەریکا دووربکەوێتەوە و کەمتر بۆ کارکردن لەگەڵیدا ئامادەبێت.
دوورکەوتنەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا دەبێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە ئەورووپا رووبەڕووی مەترسی زیاتر ببێتەوە. لەبەر ئەوە دەرچوونی بەریتانیا لە ئەورووپا لە بۆشاییدا روونادات، بە پێچەوانەوە لە ئەورووپایەکی پڕ لە قەیراندا، وەک سەرهەڵدانەوەی جیپۆپۆلەتیک لە فۆرمی هەڕەشە ئەمنییە نوێیەکانی رووسیا و کار و کردەوەی زیاتری تیرۆریستی و شەپۆلی کۆچبەرانی سوریا و شوێنەکانی دیکە و گەشەیەکی ئابووریی کەم. هەروەها ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم لە هەڵکشاندان لە ئەورووپا و دەرچوونی بەریتانیاش گوڕ و تین بەم تەوژمە دەدات. هەروەها جێهێشتنی بەریتانیا دووبارە پرسی سەربەخۆیی سکوتلەندا زیندوو دەکاتەوە. چونک لە راستیدا زۆرێک لە سکوتلەندییەکان پاساو بۆ سەربەخۆیی دەهێننەوە بۆ ئەوەی وەک ئەندامی یەکێتی ئەورووپا بمێننەوە، خۆ ئەگەر ریفراندۆمیش بکرێت، ئەوا دەرئەنجامەکەی جیابوونەوە دەبێت لە بەریتانیا.»

● ریچارد هاس ـ سەرۆکی ئامۆژگای ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە

هەنگاوی یەکەم بۆ دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە پێناسەی کردووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی راپرسی بۆ دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا (Brexite)، هەموو توێژەران و چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدا بوون بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زیانە ئابوورییانەی کە بەریتانیا لە دەرچوونی لە یەکێتی ئەورووپا تووشی دەبێت، هاووڵاتیانی بەریتانیا دەنگ بۆ مانەوە لە ناو یەکێتی ئەورووپا دەدەن، وایان مەزەندە دەکرد، لانیکەم رێژەی زیاتر لە ٥٠٪یان مانەوەیان لە ناو یەکێتی ئەورووپا پێ باشتر دەبێت، بەڵام راپرسیەکەی رۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٦ دەریخست کە رێژەی ٥٨٪ دەنگدەرانی بەریتانیا دەرچوونی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا بە باشتر دەزانن وەك لە مانەوەی، ئەمەش مانای ئەوەیە هاووڵاتیانی بەریتانیا کە خاوەنی دەوڵەتی یەکەمی نەتەوەیی هاوچەرخە لە جیهاندا، سەروەری و شکۆی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە هیچ شتێك ناگۆڕنەوە و نایەنەوێت لە برۆکسل-ەوە شانشینی مەزنی بەریتانیا ئاراستە بکرێت.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم هەستە نەتەوەییە تەنیا لای هاووڵاتیانی بەریتانیا بەو شێوەیەیە، یان لە ناو دەوڵەتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپاشدا، رۆژ لە دوای دەنگی نارەزایی دژی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەورووپا بەرزدەبێتەوە؟ هاووڵاتیانی

**هەقە بە پلەی یەکەم ئەمەریکا و بە پلەی دووەم بەریتانیا چاو بە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە عێراق بخشێننەوە و دان بەو راستییەدا بنێن، کە ئەو عێراقەی پێش ١٠٠ساڵ بەریتانیا بۆ بەرژەوەندی خۆی بە زۆر دروستی کرد و لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەشدا تەنیا ساڵێک سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بوار بە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بدرێت، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی ئازادانەی گشتپرسیدا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن**

**دەرچوونی بەریتانیا لە فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا وێڕای ئەو هەموو کاریگەرییە نەرێنییەی هەموو پسپۆڕانی جیهانی باسی دەکەن، نەبووەتە هۆکاری ئەوەی ئاسمان بڕووخێت و رێز لە ئیرادەی گەلی بەریتانیا نەگیرێت، بە پێچەوانە ئەم بڕیارەی گەلی بەریتانیا بووە هۆکاری ئەوەی دیڤید کامیرۆن-ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەست لەکار بکێشێتەوە و بڵێت: ناتوانم کاپتنی ئەو کەشتییە بم کە گەلەکەم بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەبات. بەڵام حکومەتی بەریتانیا لە پێش هەمووانەوە و پاشانیش دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکاش رێزیان لە ئیرادەی دەنگدەرانی بەریتانیا گرت و وەک ئەمری واقیع مامەڵەیان لەگەڵ کرد**

دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا مانەوەیان بە سەروەریی تەواوەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیاندا، لە نیمچە سەروەریی نێو فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بە باشتر دەزانن، سەبارەت بە بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی دژی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا، یۆرگن هابرمای فەیلەسووفی گەورەی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٣ لە موحازەرەیەکدا کە لە یەکێك لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا پێشکەشی کرد، زۆر بە توندی گازندەی لە بڕیاردروستکەرانی بروکسل کرد، بەوەی بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی لەسەر ئاستی شەقامی نیشتمانی یەکێتی ئەوروپا وەك پێویست لەبەرچاو نەگیراوە، بۆیە شەقامی نیشتمانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا ئەو بڕیارانە رەتدەکەنەوە کە لە برۆکسلەوە بەبێ رەچاوکردنی نارەزاییەکانی شەقامی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا دەدرێن، هەر بۆیە هابرماس راسپاردەی بۆ نوێنەرانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا ئەوە بوو کە لە چوارچێوەی ئۆردۆ لیبراڵیزم بڕیار بدەن، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر دەتانەوێت یەکێتی ئەوروپا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت ئەو بڕیارانەی دەیدەن لەگەڵ ئاکامەکانی یەك بگرێتەوە و ببێتە هۆکاری ئەوەی دەنگی نارەزایی دژی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا کەم ببێتەوە، نەك بەرز بێتەوە.

### ● سەربەخۆیی واتە روحی نەتەوە هیچ شتێك جێگەی ناگرێتەوە

ئەو پرسیارە گلۆباڵییەی کە پێش نزیکەی دوو سەدە وروژێنراوە و دەپرسێت: ئایا ئاشتی هەمیشەیی لە نێوان نەتەوەکاندا چۆن دێتەئاراوە؟ دیارە لە ماوەی ئەم دووسەد ساڵەدا تەنیا وەڵامێك کە لە رووی تیۆرییەوە هەژموونی بەسەر هەموو وەڵامەکانی دیکەدا کێشاوە، ئەوەیە ئاشتی هەمیشەیی لە سەر ئاستی جیهان تەنیا ئەو کاتە دێتە ئاراوە کە نەتەوەکان خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بن و لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هەست بە سەروەریی نەتەوەیی بکەن، هیچ نەتەوەیەك بیر لە داگیرکردنی نەتەوەیەك نەکاتەوە، یان هیچ پرۆسەیەك شکۆی سەروەریی هیچ نەتەوەیەك نەهێنێتە خوارەوە، ئەم بنەمایە کە بۆتە بنەما بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان و رێککەوتنی ئاشتی پاریس دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام لە بەر ئەوەی نەتوانراوە هەوڵەکان لەسەر ئاستی جیهانی بۆ ئازادی نەتەوەکان بخرێتەگەر و بەردەوام نەتەوەی سەردەست و بندەست بوونی هەبووە، یان وەك رێککەوتنی ئاشتی پاریس کە سەروەریی نەتەوەیی ئەڵمانیای خستە ژێر کۆمەڵێك مەرجەوە، ئەوا نێوانی هەر دوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی تەنیا بریتی بووە لە ئاگربەستێکی کاتی و خۆئامادەکردنەوە بۆ شەڕێکی دیکەی خوێناوی و جیهانی، وەك ئەوەی مرۆڤایەتی لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە سەریدا هات، هەر بۆیە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵدرا کەموکورتیی پرۆسەی ئازادکردنی نەتەوەکان چارەسەر بکەن لە میانەی کۆتاییهاتنی سەردەمی ئیمپریالیزم و سەربەخۆیی بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لە ئاکامی دابەشکردنی نێوان هاوپەیمانانی شەڕ دروستکرابوون، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی دەوڵەتە کۆلۆنیاڵییەکان لە سەر خواستی ئەو نەتەوانە دروست نەکرابوون، کە لەناو ئەو دەوڵەتە دەژیان، بۆیە دوای کۆتاییهاتنی دەوڵەتی کۆلۆنیاڵیش جەولەیەکی دیکەی شەڕی خوێناوی وەك شەڕی ناوخۆیی لە نێوان نەتەوەکانی ئەو دەوڵەتانە دەستی پێکردەوە کە هەستیان دەکرد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیاڵییانە سەروەریی نەتەوەییان پێشێلکراوە، دیارە گەلی کورد کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکرابوو، دوای ئەوەی کە سەردەمی ئیمپریالیزمیش کۆتایی هات و کۆماری تورکیای نوێ دامەزرا و عێراق و سووریا سەربەخۆییان وەرگرت و لە ئێرانیشدا بە زەبری هێز کۆماری کوردستان رووخێنرا، ئیدی لەو کاتەوە کوردستان وەك ئیسماعیل بێشکچی وەسفی کردووە، بۆتە کۆلۆنیاڵییەکی نێودەوڵەتی و ئەم کۆلۆنیاڵییە نێودەوڵەتییەش جیا لەوەی کارەساتی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی رووبەڕووی نەتەوەی کورد کردۆتەوە، لە هەمانکاتدا شەڕێکی بەردەوام و بێ برانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە، چۆن کورد هەرگیز هەستی بە سەقامگیری نەکردووە، لە هەمانکاتدا ئەو دەوڵەتانەشی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەستیان بە سەقامگیری نەکردووە، هەتا کوردیش نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە هەست بە سەروەریی نەتەوەیی نەکات، ئەوا ئەو ناسەقامگیرییە بەردەوام دەبێت.

### ● جیهان دەبێت رێز لە راپرسی کوردستان و گەلەکەی بگرێت

بە هەموو پێوانەیەك فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا، ئەزموونێکی نموونەیی پیادەکردنی فیدراسیۆن بوو لە جیهاندا، تەنانەت دەکرێت بڵێین زۆر لە فیدراسیۆنە سەرکەوتووەکانی دیکەی دەوڵەتانی فرەنەتەوەی هاوشێوەی بەلجیکا و کەنەدا سەرکەوتوو بوو، ئەم فیدراسیۆنە بە مانای وشە نەك هەر فیدراسیۆنێکی ئارەزوومەندانە بوو، لە هەمانکاتدا ئەگەر دەوڵەتێك پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپای لە سەر جێبەجێ نەبوایە، لەو فیدراسیۆنە وەرنەدەگیرا، لەوانەیە باشترین نموونە دەوڵەتی تورکیای نوێ بێت، کە ماوەی زیاتر

لە چارەکە سەدەیەکە هەموو هەوڵی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەو فیدراسیۆنە و ئەمەریکاش کە گەورەترین دەوڵەتی دیموکراتییە لە سەر ئاستی جیهان، هەوڵی زۆری بۆدا بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی ئەو فیدراسیۆنە، بەڵام دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا رازی نەبوون، بۆیە ئەگەر نموونەیەکی سەرکەتووی فیدراسیۆن لە جیهاندا ئەزموون کرابێت کە بێ وێنە بووە، ئەوا ئەزموونی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بووە، بەڵام لەناو ئەم ئەزموونە دەگمەن و نموونەییەشدا نەتەوەیەکی وەك نەتەوەی ئینگلیز کە خۆیان بە خاوەنی شۆڕشی پیشەسازی و پێکەوە گرێدانەوەی جیهان دەزانن، ئەوا وەك بینیمان رازی نەبوون لە چوارچێوەی ئەو فیدراسیۆنە بمێننەوە. دەرچوونی بەریتانیا لە فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا وێڕای ئەو هەموو کاریگەرییە نەرێنییەی هەموو پسپۆڕانی جیهانی باسی دەکەن، نەبووەتە هۆکاری ئەوەی ئاسمان بڕووخێت و رێز لە ئیرادەی گەلی بەریتانیا نەگیرێت، بەپێچەوانە ئەم بڕیارەی گەلی بەریتانیا بووە هۆکاری ئەوەی دیڤید کامیرۆن-ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەست لەکار بکێشێتەوە و بڵێت: ناتوانم کاپتنی ئەو کەشتییە بم کە گەلەکەم بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەبات. بەڵام حکومەتی بەریتانیا لە پێش هەموانەوە و پاشانیش دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکاش رێزیان لە ئیرادەی دەنگدەرانی بەریتانیا گرت و وەك ئەمری واقیع مامەڵەیان لەگەڵ کرد، ئێستا باس لە میکانیزمی چۆنیەتی جیابوونەوەی بەرتیانیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا کە ئەمەریکا وەك ئەو دەوڵەتەی دوای رووخانی رژێمی پێشووی بەعس لە عێراقدا بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی خۆی کرد بە دەوڵەتی داگیرکار بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی هەبێت عێراق بونیاد بنێتەوە، بۆ ئەمەش لە چوارچێوەی دەستووری ٢٠٠٥ عێراقدا، ئیقراری ئەوە کراوە کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدڕاڵی بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراقدا، هەر بەپێی ئەو دەستوورە پێکهێنانی هەرێمی دیکەی فیدڕاڵی لە عێراقدا داوەتە دەست ئەو پارێزگایانەی کە دەیانەوێت پێکەوە هەرێمێکی فیدڕاڵی دروست بکەن. بەڵام لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو دەسەلاتی ناوەندی بەغدا نەك هەر بواری بەوە نەداوە، هەرێمی دیکەی فیدڕاڵی لە عێراقدا دروست بێت، بەپێچەوانەوە ئەو دەستوورەی کە بەو جۆرە پێناسەکراوە عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بێت، ئێستا ئەو دەستوورە پێشێل کراوە و عێراق نەك هەر نەبووە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، بەڵکو بووە دەوڵەتێکی فاشیل و دابەشبوو، کە ئێستا بەشێکی فراوانی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعشدایە و بە کردەیی پێکەوەژیانی نێوان سوننە و شیعە گۆڕدراوە بۆ شەڕی مەزهەبگەرایی لە نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و رۆژ لە دوای رۆژیش پڕیشکی ئەم شەڕە لە ناوچەکەدا پتر بڵاودەبێتەوە.

لەم راستەدا سیاسەتی بەرگریکردن لە یەکپارچەیی عێراق وەك ئێستا ئەمەریکا بەرگری لێدەکات، لەگەڵ ئەوەی لە سەر ئەرزی واقیع بۆتە بەشێك لە رابردوو، عێراق بە کردەیی دابەش بووە، بەڵام لە سەر ئاستی دیپلۆماتی و سیاسەتی فەرمی ئەمەریکا هەتا ئێستا تەفزیلی مانەوەی یەکپارچەیی عێراق بە سەر دابەشکردنی عێراق بۆ سێ دەوڵەت دەکرێت و بەنیازن لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە لە سەر کاغەز دەوڵەتێکی فیدڕاڵییە یەکپارچەیی عێراق بپارێزن.

لەدوای ریفراندۆمەکەی بەریتانیا کە بەریتانیا جیا لەوەی یەکێکە لە ئەندامانی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە هەمانکاتدا تەنیا هاوبەش و هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمەریکایە لەسەر ئاستی جیهان، هەقە بە پلەی یەکەم ئەمەریکا و بە پلەی دووەم بەریتانیا چاو بە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە عێراق بخشێننەوە و دان بەو راستییەدا بنێن، کە ئەو عێراقەی پێش ١٠٠ ساڵ بەریتانیا بۆ بەرژەوەندی خۆی بە زۆر دروستی کرد و لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەشدا تەنیا ساڵێك سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بوار بە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بدرێت، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی ئازادانەی گشتپرسیدا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە تا رادەیەکی زۆر کێشەی خاکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا نەماوە، هەروەها بەغداش هەموو پابەندبوونەکانی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پشتگوێ خستووە و کوردستانی لە داهات و بودجەی عێراق بێبەشکردووە و بارودۆخێکی سەختی ناسەقامگیری لە کوردستاندا دروستکردووە، ئەوا لەو کاتەی کە هەرێمی کوردستان خۆی ئامادەدەکات بۆ ریفراندۆم، هەقە ئەمەریکا و بەریتانیا هاریکاریی ئەم پرۆسەیە بن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان ئازادانە بڕیاری خۆی بدات و پاشانیش رێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگرن، بۆ ئەوەی چۆن بەریتانیا بە ئاشتی لە یەکێتی ئەوروپا جیادەبێتەوە، بەهەمان شێوە کوردستانیش بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە عێراق جیاببێتەوە.

**چۆن کورد هەرگیز هەستی بە سەقامگیری نەکردووە، لە هەمانکاتدا ئەو دەوڵەتانەشی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەستیان بە سەقامگیری نەکردووە، هەتا کوردیش نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە هەست بە سەروەریی نەتەوەیی نەکات، ئەوا ئەو ناسەقامگیرییە بەردەوام دەبێت**

**گەلی کورد کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکرابوو، دوای ئەوەی کە سەردەمی ئیمپریالیزمیش کۆتایی هات و کۆماری تورکیای نوێ دامەزرا و عێراق و سووریا سەربەخۆییان وەرگرت و لە ئێرانیشدا بە زەبری هێز کۆماری کوردستان رووخێنرا، ئیدی لەو کاتەوە کوردستان وەک ئیسماعیل بێشکچی وەسفی کردووە، بۆتە کۆلۆنیاڵییەکی نێودەوڵەتی و ئەم کۆلۆنیاڵییە نێودەوڵەتییەش جیا لەوەی کارەساتی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی رووبەڕووی نەتەوەی کورد کردۆتەوە، لە هەمانکاتدا شەڕێکی بەردەوام و بێ برانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە**




## نەدیم شەحادە

شارەزا لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان :

# کارکردنی ئەمەریکا لەگەڵ میلیشیای حەشدی شەعبی تەنیا وێرانبوونی موسڵ و فەللوجەی لێدەکەوێتەوە نەک تێکشکانی داعش

**پرۆفیسۆر نەدیم شەحادە لە ساڵی ٢٠١٤ بووە بەڕێوبەری سەنتەری فارسە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆلێژی فلیتشەر لە زانکۆی تافتس، هەروەها توێژەرە لە پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە چەتەم هاووس و لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ بۆ ٢٠٠٥ بەڕێوبەری سەنتەری دیراساتی لوبنانی بووە لە کۆلێژی ئەنتۆن لە زانکۆی ئۆکسفۆرد. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و شرۆڤەکردنی مەترسیی داعش و شەڕی تایفەگەری و ئەگەری دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** بە هەموو مەزەندەیەك چیتر ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ناتوانن بەرامبەر ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێدەنگ بن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ڕۆژئاوا بێدەنگ بێت، ئەوا لایەنی دیکە دێتەناوەوە، هەروەك چۆن لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٥دا ڕووسیا هاتە ناوەوە و ئاڕاستەی شەڕەکەی بۆ بەرژەوەندی ڕژێمی ئەسەد گۆڕی. ئایا لە ئەگەری نەهاتنە ناوەوەی تەواوی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا تا چەند مەترسی لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دروست دەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە لە ساڵی ٢٠١١وە بارودۆخەکە بەم شێوەیە بووە، زۆر کەس هۆشداری ئەوەیان داوە کە ئەگەر ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ئەمەریکا هیچ کارێك نەکات لەبارەی سووریاوە، ئەوا ڕژێمی سووریا ئەم ناکاراییە بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز، یان بە مۆڵەتپێدان بۆ کوشت و کوشتار لێکدەداتەوە. واتە پێوەندی ڕژێمەکەی ئەسەد بە ڕۆژئاوا و ئەمەریکاوە بە چەشنێکە کە ئەم ڕژێمە دەیەوێت ئەوە تاقی بکاتەوە کە دەتوانێت تا چ ڕاددەیەك لەسەر ئەرزی واقیع توندوتیژی بەکار بهێنێت، هەموو جارێکیش کە ئەندازەیەکی گەورەی توندوتیژی پیادەدەکات، بۆی دەردەکەوێت کە دەتوانێت ئاستێکی زیاتری توندوتیژی مومارەسە بکات. هەر لەبەر ئەوەشە کە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان دەبات. ئەمە واقیعەکە بووە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، کە پێموایە لە ئێستادا بارودۆخەکە خراپترە. ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن کە ڕۆژئاوا تەنیا چاودێری بارودۆخەکە دەکات و هیچ کار و کردەوەیەك ئەنجام نادات، ڕاستە، بەڵام ئەگەر ڕۆژئاوا دەستێوەردانیش بکات، ئەوا بە شێوازێکی هەڵە ئەم کارە ئەنجام دەدات و لە دەرئەنجامیشدا لە بری باشترکردنی بارودۆخەکە، خراپتری دەکات. ئەوەی لە ئێستادا و لە میانەی شەڕی داعشدا ڕوودەدات، ئەوەیە ڕۆژئاوا ئەم کارە بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی دەکات. ئێمە دەبینین کە لە ئێستادا فەللوجە گەمارۆ دراوە و پێشتریش لە ڕوومادی و ڕەنگە لە داهاتووشدا موسڵ ئەو هەڵمەتە بکرێ، بەڵام ئەو شارانەی ژێر دەستی داعش خەڵکانێکی زۆریان تێدا نیشتەجێیە و بە هۆی ترسیان لە گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی و میلیشیای شیعەکان کە لە ژێر سەرپەرشتی ئێراندان، بە شێوەیەك لە شێوەکانی داعشیان قبوڵ کردووە. هۆکاری گەیشتنی داعشیش بە فەللوجە و ڕومادی و موسڵ ئەوە بوو کە خەڵکەکە ترسیان لە حکومەتە مەرکەزییەکە و لە میلیشیا تایفەگەرییەکان و لە سەرپەرشتیکردنی ئێران بۆ ئەم میلیشیایانە هەبووە. کەواتە شەڕکردنی ئەمەریکا بە هاوپەیمانێتی گاردی شۆڕشگێڕی لە دژی داعش کێشەکە خراپتر دەکات، هۆکارەکەش ئەوەیە کە داعش ڕێکخراوێکی سوننەی ڕادیکاڵە و گاردی شۆڕشیگێریش ڕێکخراوێکی شیعی ڕادیکاڵە و کاتێك شەڕ دەکەن هەردووکیان براوە دەبن، چونکە ئەم شەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی سەنگ و باڵادەستییان زیاتر بێت لە ئاست میانڕەوەکاندا. ئامانجی داعش داگیرکردنی تاران نییە، ڕەنگە ئامانجی داگیرکردنی ڕیاز، یان عەممان بێت، کەواتە داعش پتر هەڕەشەیە بۆ سەر سوننەی میانڕەو نەك بۆ سەر شیعە. لە هەمان کاتدا ئامانجی گاردی شۆڕشگێڕی داگیرکردنی ڕیاز نییە، ڕەنگە نەجەف بێت، بەمەش پتر هەڕەشەیە بۆ سەر شیعەی میانڕەو – مەرجەعییەتی نەجەف و شوێنکەوتووانی- کە بە ئاسانی و بە بێ هیچ گرفتێك دەتوانێت لەگەڵ سوننەی میانڕەودا هەڵبکات. بەڵام ئەوان ناتوانن ئەم کارە بکەن و بەو شێوەیە ڕەوتە توندڕەوەکە باڵادەست دەبێت بە شەڕکردنیان لە دژی یەکتری. ئەمە مەبەستەکەی منە کاتێك دەڵێم بارودۆخەکە خراپتر دەبێت.

*** جیاوازی گەورەی نێوان ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەگەڵ ئەلقاعیدە ئەوەیە کە داعش دەوڵەتێکی**

**ڕاستە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ ساڵگەلێکی پڕ لە ئاشتی نەبوون و قۆناغێکی ئینتیقالی سەخت بوو، بەڵام توانیتان تێیپەڕێنن، چونکە کوردستان گەشەی کرد و زانکۆی کردەوە و پەرەی بە هونەر دا، ئەمەش نموونەیەکە بۆ ناوچەکە و ئەو دەرسەی دەتوانین لێوەربگرین کە هەموو کەسێک دەتوانێت هەمان ئەزموون دووبارە بکاتەوە**

**ئیدارەی ئۆباما هەڵەیەكی زۆر دەكات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمەش كاریگەری خراپی لەسەر ناوچەكە و لەسەر ئەمەریكا دەبێت، هەروەها كاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریكاش دەبێت**

**خراپترین سیناریۆ بریتییە لە دابەشبوون لەسەر بنەمای تایفەگەری كە ڕادیكاڵەكان هەموو شوێنێكیان داگیركردبێت و باشترین سیناریۆش بوونی كۆمەڵگەیەكی بە نامەركەزیكراوە كە خەڵكی پێكەوەبژین**

**ئێران هەوڵی دروستكردنی دەوڵەتێكی هاوتەریب دەدات لە عێراقدا لە ڕێی بەكارهێنانی میلیشیاكان و لاوازكردنی دەسەڵاتی مەركەزی، بەڵام ئیدی ئەوە شێوازی كاركردنی گاردی شۆڕشگێڕیە لە هەموو شوێنێک، لە یەمەن و لە لوبنان كە حزبوڵا حكومەتێكی هاوتەریبی دروست كردووە و كۆنترۆڵی ئابووری كردووە و دەوڵەتی لاواز كردووە**

**لەبەردەستە بۆ مەشق و ڕاهێنانی تیرۆریستەكان و ناردنەوەیان بۆ ڕۆژئاوا، لەمەش زیاتر تیرۆریستانی هەڵگری ناسنامەی ئەوروپی و ڕۆژئاواییین، ئایا ئەگەر داعش ڕیشەكێش نەكرێت، مەترسی ئەوە نییە ئەوەی لە عێراق و سووریا ڕوویدا، لە ئەوروپاش دووبارە ببێتەوە؟**

- ئێوە باسی هاتنی موجاهیدی سەلەفی لە ئەوروپاوە دەكەن، من ئەوان بە گەمەكاری سەرەكی نازانم، پێموانییە ئەوان هاتبێتن و دەستیان بەسەر موسڵدا گرتبێت، ئەوان زمان نازانن و شارەزای شارەكە نین. هۆكاری بردنەوەی داعش ئەوەیە خەڵكەكەی لەگەڵدایە و زۆربەی ئەندامەكانیشی پێكهاتوون لە كۆنە بەعسییەكان و سەربازانی پێشووی سوپای سەددام و موخابەرات، هەروەها ئەو خێڵانەی لەو ناوچانەشدا بوون، قبوڵیان كرد، لەبەر ئەوەی بەدیلەكە خراپتر بوو. ئەوەش ڕاستە ئەو كەسانەی لە ئەوروپاوە دێن كەسانی مەترسیدارن و گۆشكراون بە ڕق و بە باس و خواسی ئەوەی كە ئیسلام و سوننە مەترسییان لەسەرە. كەواتە ئەگەر وێرانكاری فەللوجە و شارەكانی دیكەی سوننە ببینین لە سەردەستی میلیشیا شیعەكان كە ئێران سەركردایەتیان دەكات و ئەمەریكا و هاوپەیمانێتیەكەش كاریان لەگەڵ بكەن، ئەوا ئەمە پتر تین و تاوی ڕادیكاڵیزم خۆش دەكات. ئەمە شەڕكردن نییە لە دژی داعش، ئەمە بەهێزكردنی داعشە، ڕەنگە بەم شێوەیە فەللوجە و موسڵ وێران بن، بەڵام داعش تێكناشكێت.

*** ئەو شەڕ و ئاژاوەیەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، وەك ئەوروپای پێش شۆڕشی شكۆدار وایە، ئەمەش بە مانای ئەو شەڕە مەزهەبی و ئایینیەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، بە بێ دووبارە پێناسەكردنەوەی ناوچەكە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئیتنی كۆتایی نایەت. ئایا تا چەند بۆ كۆتاییهێنان بەم شەڕە و دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگە پێكهاتە جیاوازەكانی ئەم ناوچەیە ڕۆڵیان لە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەكاندا هەبێت؟**

- من بە تەواوی دژی ئەم ڕایەم وپێتان دەڵێم بۆچی. پوختەی مەسەلەكە ئەوەیە كە سەرجەم سنوورەكان - لە ئەوروپا و لە جیهاندا- سنووری دەستكردن و سروشتی نین و هەمووشیان كێشەی خۆیان هەیە. لەبەر ئەوە مەسەلەكە ئەوە نیە كە بە شێوەیەكی ڕاست یان هەڵە سنوورەكان دابڕێژرێنەوە. ئەوەی لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی ڕوویدا، دیاردەیەكی دەگمەن بوو، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و ئایدیای دەوڵەتێكی نەتەوەیی یەكڕەنگ خرایەڕوو، ئەمە چیتر لەم ناوچەیەدا جێبەجێ نابێت. واتە ڕۆژگاری دەوڵەتی مەركەزی و خاوەن سەروەری و دەوڵەتێكی خۆسەپێن بەسەر چووە بە چەشنی ئەوەی لە سەدەی بیستدا لە ئارادا بوو. ئەوەی لە دوای جەنگی یەكەمی جیهان ڕوویدا، كەوتنی ئیمپراتۆریەتەكان بوو، كەوتنی ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجەر، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئمپیراتۆریەتی ڕووسی، واتە لەو كاتەدا پشێوی باڵادەست بوو. سەركردە براوەكانی ئەو جەنگە لە ڤێرسای كۆبوونەوە و دەستیان دایە داڕشتنەوەی سنوورەكانی جیهان، نەك تەنیا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵكو سنوورەكانی ئەوروپاش و سزایان بە سەر ئەڵمانیادا سەپاند و ئەوە ڕێككەوتنی دوای جەنگی جیهانی بوو. كاتێك سەد ساڵ دواتر لەم ڕێككەوتنە دەڕوانین، ئەوا دەبینین كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باشتر جێبەجێ كرا بە بەراورد بە ئەوروپا، چونكە لە ئەوروپا نازییەت و فاشییەت سەریانهەڵدا و جەنگی دووەمی جیهانی بەرپا بوو، شەڕی بەلقان و ڕوودانی هۆلۆكۆست و بێ ماڵ و حاڵ بوونی خەڵكانێكی زۆری لێكەوتەوە و ٢٠ ملیۆن ئەڵمانی لە شوێنەكانی خۆیان هەڵكەنرابوون لە دوای جەنگی دووەمی جیهان. كەواتە ڕێككەوتنی دوای جەنگی یەكەمی جیهان دەرئەنجامێكی خراپتری لێكەوتەوە لە ئەوروپا بە بەراورد بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕاستە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی- لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- بیرۆكەیەكی خراپ بوو، بەڵام ئەم ناوچەیە تا ڕاددەیەك سەقامگیر بوو، ئێمە نازانین لە ئایندەدا چی ڕوودەدات، بەڵام پێموانییە بارودۆخێك بێت كە دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری بە چەشنی سەدەی بیست دروست ببێتەوە. بەڵكو ڕۆژگارێك دێتەپێشەوە كە خەڵكی بە فرەڕەنگی خۆیانەوە پێكەوەدەژین، هەروەك ئەوەی لە پێش سەدەی بیستدا بەو شێوەیە دەژیان. لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من پێویست ناكات دووبارە سنوورەكان دابڕێژرێنەوە، بەڵكو ئەوەی پێویستە بگۆڕدرێت چۆنیەتی ئیدارەدانەكەیە كە گروپە لێكجیاوازەكان پێكەوەبژین و ڕێگاچارەیەك بدۆزنەوە بۆ خۆرزگاكردنیان لە ڕادیكاڵەكان. با ئەمە بە نموونەیەك ڕوون بكەمەوە كە داڕشتنەوەی سنوورەكان چەند مەترسیدارە، ئەگەر سنوورەكانی عێراق دابڕێژێتەوە و ئەو وڵاتە بكرێتە كوردستان و سوننەستان و شیعەستان، ئەوا داعش دەست بە سەر سوننەستانەكەدا دەگرێت و شیعەستانەكەش لەلایەن گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانییەوە كۆنترۆڵ دەكرێت.

کەواتە ئەوە میانڕەوەکانن کە دەتوانن پێکەوەبژین و فۆرمێك بۆ پێکەوەژیان بەدی بێنن. حاڵی حازر بە نامەرکەزیکردن هاتۆتەئاراوە و جارێکی دیکە دەوڵەتی مەرکەزی و موخابەراتی وەك سەردەمی بەعس دروست نابێتەوە. کەواتە لە ئێستادا دەسەڵاتێکی بە نامەرکەزیکراو هەیە و خەڵکی دەتوانن پێکەوە بژین. بەڵام دارِشتنەوەی سنوورەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئیتنی کارێکی مەترسیدارە.

*** ئێستا کوردستان بە ئەمری واقیع بۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و لە بەغدا پرۆسەی سیاسیی حکومەت ئیفلیج بووە، لە لایەکی دیکەوە عەرەبی سوننە نایەوێت ببێتەوە بە بەشێك لە حکومەتێك کە شیعە بە پاڵپشتی ئێران تێیدا باڵادەست بێت. ئایا ئەگەر ئەمەریکا و هاوپەیمانی دژ بە داعش ڕێگە لە سەربەخۆیی کوردستان بگرن، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە دوای داعش، جارێکی دیکە ئەمەریکا عێراق تەسلیمی ئێران دەکاتەوە؟**

- ڕاستە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لە ڕووی ئەمری واقیعەوە ڕوویداوە، بەڵام پێموانییە مەرج بێت عێراق تەسلیمی ئێران بکرێتەوە، ڕاستە ئێران هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی هاوتەریب دەدات لە عێراقدا لە ڕێی بەکارهێنانی میلیشیاکان و لاوازکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی، بەڵام ئیدی ئەوە شێوازی کارکردنی گاردی شۆرشگێڕیە لە هەموو شوێنێك، لە یەمەن و لە لوبنان کە حزبوڵا حکومەتێکی هاوتەریبی دروست کردووە و کۆنترۆڵی ئابووری کردووە و دەوڵەتی لاواز کردووە، ئەمە دیاردەیەکی هاوچەخە و پێوەندی بە ئایندەی ناوچەکەوە هەیە، نەوەی داهاتوو بیرکردنەوەیەکی جیاوازی دەبێت و دەیانەوێت ببنە بەشێك لە کۆمەڵگەی جیهان و نایانەوێت سروودی نەتەوەیی بڵێنەوە و شوێنکەوتەی سەرکردەیەك بن. ئەمەش تەوژمەکەیە لە ئێستادا، ناسیۆنالیزمێکی کەمتر و بە جیهانی بوونێکی زیاتر. کەواتە خراپترین سیناریۆ بریتییە لە دابەشبوون لەسەر بنەمای تایفەگەری کە ڕادیکاڵەکان هەموو شوێنێکیان داگیرکردبێت و باشترین سیناریۆش بوونی کۆمەڵگەیەکی بە نامەرکەزیکراوە کە خەڵکی پێکەوەبژین.

*** نیگەرانییەك لای هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بووە، بەتایبەتی وەك سعودیە و ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو، ئەم هاوپەیمانانەی ئەمەریکا بەو جۆرە سەیری سیاسەتی ئەمەریکا دەکەن کە لەسەر حیسابی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەوان ڕێککەوتنی ئێران گرێدراوە، ئایا تا چەند ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا بەرامبەر هاوپەیمانەکانی بە سلبی بۆ شکۆی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەشکێتەوە؟**

- ئیدارەی ئۆباما هەڵەیەکی زۆر دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەکە و لەسەر ئەمەریکا دەبێت، هەروەها کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریکاش دەبێت. بەڵام قۆناغە ڕاگوزەرییەکە کاتی دەوێت، هەرچەندە من باوەڕم بەوە نییە کە لە کۆتاییدا داعش باڵادەست بێت بەسەر سوننەکان و ئێرانیش بەسەر شیعەکانەوە. بەڵام چەندی پێدەچێت تا دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە، ئەوا ئەمە بەندە بە هاوکاری دەرەکییەوە. ئێوە لە سەرەتای دیمانەکەدا ئاماژەتان بە بابەتێکی گرنگ کرد کە دەستێوەردانی دەرەکی پێویستە بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا بڕوات. من خۆم خەڵکی ناوچەکەم و خوازیارم بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا بڕوات و باوەڕم بەوەیە خەڵکی ناوچەکە دەتوانن پێکەوە بژین و پێویستە ناکات بۆ هەتا هەتایە شەڕی یەکتر بکەین، ئەمە مێژووی ناوچەکە نییە، ئەمە مێژووی کۆمەڵگەکانی ئێمە نییە، شارەکانمان فرەڕەنگن، گەڕانەوەی سەقامگیریش بەندە بەوەی چەند کاتی دەوێت و چ باجێکی لەبەرامبەردا دەدرێت، بە بۆچوونی من کاتی زۆر دەوێت و باجی گەورەشی دەوێت. بەو هۆی ئەو هەڵانەی بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەمەریکاوە ئەنجام دراون.

*** دواوتەتان چییە و چ پەیامێکتان بۆ کوردان هەیە؟**

- کوردی عێراق خۆشبەختن کە لە دەست سەددام ڕزگاریان بوو لە ساڵی ١٩٩١ و لەوە بە دواوە پارێزگارییان لێکرا بۆ تێپەڕبوون بە قۆناغی ئینتیقالیدا. ڕاستە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ ساڵگەلێکی پڕ لە ئاشتی نەبوون و قۆناغێکی ئینتیقالی سەخت بوو، بەڵام توانیتان تێیپەڕێنن، چونکە کوردستان گەشەی کرد و زانکۆی کردەوە و پەرەی بە هونەر دا، ئەمەش نموونەیەکە بۆ ناوچەکە و ئەو دەرسەی دەتوانین لێوەربگرین کە هەموو کەسێك دەتوانێت هەمان ئەزموون دووبارە بکاتەوە، بەڵام ئەمە کات و بارودۆخی گونجاوی پێویستە، هەر کاتێك خەڵکی توانییان خۆیان لە ڕادیکاڵەکان ڕزگار بکەن، ئەوا دەتوانن پێکەوەبژین.

**ئەوەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویدا، دیاردەیەکی دەگمەن بوو، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و ئایدیای دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکڕەنگ خرایەڕوو، ئەمە چیتر لەم ناوچەیەدا جێبەجێ نابێت. واتە ڕۆژگاری دەوڵەتی مەرکەزی و خاوەن سەروەری و دەوڵەتێکی خۆسەپێن بەسەر چووە بە چەشنی ئەوەی لە سەدەی بیستدا لە ئارادا بوو**

**ئامانجی داعش داگیرکردنی تاران نییە، ڕەنگە ئامانجی داگیرکردنی ڕیاز، یان عەممان بێت، کەواتە داعش پتر هەڕەشەیە بۆ سەر سوننەی میانڕەو نەک بۆ سەر شیعە. لە هەمان کاتدا ئامانجی گاردی شۆڕشگێڕی داگیرکردنی ڕیاز نییە، ڕەنگە نەجەف بێت، بەمەش پتر هەڕەشەیە بۆ سەر شیعەی میانڕەو**

**ئەو شارانەی ژێر دەستی داعش خەڵکانێکی زۆریان تێدا نیشتەجێیە و بە هۆی ترسیان لە گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی و میلیشیای شیعەکان کە لە ژێر سەرپەرشتی ئێراندان، بە شێوەیەک لە شێوەکانی داعشیان قبوڵ کردووە**